# شۆڕشی گوڵان.. له شەوانی ئەنگوستەچاودا دەنگێ بوو بۆ هیوا

دکتور شێرزاد نەجار
تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە



**کۆبوونەوەکانی دەسپێکی شۆڕشی گوڵان سروشتی فیکرێکی نوێ بوو بۆ نەوەی نوێ بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی شۆڕش هەڵبگرن**

# "بە رابەرایەتی ئیدریسی هەمیشە زیندوو و سەرۆک مسعود بارزانی پرشنگی شۆڕشی گوڵان دەستی بە درەوشانەوە کرد و وێڕای هەموو تەحەددییەکان لە ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦ شۆڕشی گوڵان دەستی پێکرد."



دکتور شێرزاد نەجار

لەناوەندی ساڵی (١٩٧٤)کاتێك شۆڕشی کورد بە لوتکەی تواناو هێزی شۆڕشگێڕیی خۆیەوە بوو، ئا لەو کاتانەدا لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیداو بەبارتەقای ئاسۆدا سیمای گۆڕانکاریی دەرکەوت بوو، بەڵام بۆ شیکردنەوەی رووداو و پێشهاتە چاوەڕوانکراوەکان و دەرکەوتنی سیماکانی داهاتوو کاریگەرییەکانی لەسەر شۆڕشێ کە لە ساڵی ١٩٦١ەوە هەڵگیرسێنرابوو، بەپێی پێویست گرنگیی بەو هاوکێشەیە نەدرا، بەتایبەتیش لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ەوە کاتێك کە تێکۆشانە بوێرانەکەی گەلی کورد لەپێناوی بەرگریکردن لە بناغەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری ء چەسپاندنی مافە رەواکانی لە ژیانێکی سەقامگیر و لە چوارچێوەیەکی دەستووری و یاسایی بەشێوەیەك لە ئاستی داخوازییە رەواکانیدا بێت، لە برەودابوو.


ئەم گۆڕانکارییانە لە جووڵانەوەو ئاراستەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەتایبەت لە سیاسەتی ئەمریکاییدا زۆر جددی ء ترسناکن و لەهەمان کاتیشدا پێچەوانەی ئاراستەکانی شۆڕشی کورد بوون، ئەم جووڵانەوانە بریتی بوون لە گەیشتنی بەرژەوەندییە دژەبەیەکەکان بەیەکتری کە شتێکی ئاساییـن لەو پێوەندییە نێودەوڵەتیانەی پشتبەستوون بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە، تەنانەت گەر ئەو بەرژەوەندییانە بەهۆی مەسەلەیەکی شۆڕشگێڕیشەوە دژەبەیەکیشبن، ئا لەوێدا ئەو هەموو دژەیەکانە لەیەك مەسەلەی هاوبەش و گرنگدا کۆدەبوونەوە کە ئەویش بریتیی بوو لە: چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی کورد و شۆڕشی کوردی بەشێوەیەك کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی دەوڵەتانی زلهێز، یان تەنانەت بەرژەوەندییە دژەبەیەکەکانیشیان بپارێزێت. سەرەتا بۆ ئەو مەبەستە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ لە ئەستەنبوڵ کۆبوونەوە، پاشان لە ئاداری ١٩٧٥ لە (جەزائیر) کۆبوونەوە (بەبێ ئەوەی شۆڕشی کوردی هیچ کاردانەوەیەکی جددییانەی لەسەرکۆبوونەوەکان هەبێت، جگە لەو شاندە نەبێ کە بە بانگهێشتێکی سەرۆکی میسری (ئەنوەر سادات) سەردانی (قاهیرە)ی کردبوو، شاندەکە بە سەرۆکایەتی سەرکردەی لێهاتوو و دیار لە پارتی دیموکراتی کوردستان شەهید (سامی عەبدولرەحمان) بوو، (سادات: لەسەر پێشهاتەکان کە لە داهاتووی نزیکدا مایەی روودانن هەروەها لە ئاکام و دەرئەنجامەکان لەبارەی شۆڕشی کوردی بەهۆی رێککەوتنی عێراق و ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان کە ئەویش لەخۆیدا بێگومان لەسەر حیسابی چارەنووسی شۆڕشی کوردی دەبێت، ئاگاداری کردنەوە) پاشتر رێککەوتنی ٦ی ئاداری ١٩٧٥یان و بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشە هەڵپەسێراوەکان لەوانەش چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە عێراق کە دەبێتە مایەی راگرتنی هەر پشتگیرییەکی دەرەکی بۆ کورد، لەئاکامیشدا دەبێتە مایەی کۆتایی پێهێنانی شۆڕشەکەیان بەشێوەیەکی پراکتیکی و واقیعی واژۆکرد، ئەو رێککەوتنە وەکو کارەساتێك بوو کە سێبەرو شاڵاوەکانی بەسەر تەواوی رێچکەی شۆڕشی کوردیدا بڵاوکردەوەو بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا ئەو راستییەی سەلماند کە یەکگەیشتنی بەرژەوەندییەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتی مەسەلەیەکی ئاساییە و بەردەوام ئەو دیاردەیە مایەی روودانە لەبەرئەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی هەر لەخۆیدا و هەر وەکو پرۆفیسۆری ئەمریکیی بەناوبانگ (هانز مۆرکنتاو) دەڵێت: گوزارشت پێکردنێکە بۆ ململانێ لەسەر هێز و دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان. ئەم بارە بووە هۆی دروستبوونی حاڵەتی (ناهاوسەنگی) لەناو سەرکردایەتی و کۆمەڵگە و گەلی کوردییدا بەشێوەیەك کە روون نەبوو چی بکرێت و چەندین پرسیار هاتە ئاراوە لەبارەی پرسیارێك کە (ڤلادیمێر لینین)ی سەرکردەی شۆڕشی ئوکتۆبەر کردبووی کە ئەویش: چ بکرێت؟

دەستەبژێرێك لە گەنجە شۆڕشگێڕەکانی کورد رووبەڕووی ئەم واقیعە بوونەوە و رازی نەبوون ملی بۆ کەچبکەن. هەربۆیە لەبارەی بارودۆخە تراژیدییەکانی دوای رێککەوتنی ٦ی ئادار دەستیان کردە تێڕوانین و بڕیاریاندا لە خەباتی چەکداری بەردەوامبن، بۆیە بە نهێنی کۆبوونەوەکان دەستپێکردو کادیرە شۆڕشگێڕەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدەستەواژەیەکی دیاریکراوی بەرخودانەوە پابەندبوون، بەو مەبەستەوە ئەم کادیرانە : (هەمیشە لەیاد شەهید ئیدریس بارزانی و سەرۆك مسعود بارزانی و شەهید سامی عەبدولرەحمان و جەوهەر نامق و محەمەد رەزا و عارف تەیفوور) و دەستیانکرد بە موداوەلە و لیژنەیەکیان پێکهێنا کە هاوشێوەبوو لەگەڵ سەرکردایەتیەکی نوێ بۆ پارتەکە و بە ناوی (سەرکردایەتیی کاتی) ناونرا، ئەم سەرکردایەتیە کاتییە بەشێوەیەکی جددییانە و لەپێناوی بەردەوامبوون لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا هەستان بە جووڵانەوە..

سەرکردایەتیی کاتیی ئەرك و مەسەلەی چارەسەرکردن و زیندووکردنەوەی رێکخستنە حزبییەکانی کە تووشی شکست بووبوون

**لەمانگی حوزەیرانی ١٩٧٥ پەیوەندییەکان لەگەڵ رێکخستنەکانی دەرەوە دەستیان پێکردەوە و شەهید سامی عەبدولڕەحمان چەند کۆبوونەوەیەکی لە ئەوروپا گرێدا کە نووسەری ئەم وتارە لە کۆبوونەوەکان بەشدار بووە**

لەئەستۆ گرت، هاوکات پێوەندییەکانی دەرەوەی چالاککردنـــەوەی، لەمانگــی حوزەیرانـــی ١٩٧٥دا لیژنەی ڕێکخستنی دەرەوە هەستان بەدەرکردنی بەیاننامەیەکی گرنگ کە تیایدا گرنگترین ئـــەو فاکتەرانەی کە بوونە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول باس کرد و لەگەڵ بانگهێشتکردن بۆ یەکگرتن و چالاکیی زیاتر لەپێنـــاوی بەزاندنی ئەو بارەی کە بەســـەر گەلی کورد و شۆڕشـــەکەیدا سەپێندرابوو. پێوەندییـــەکان دەســـتیان پێکـــرد و لەگەڵ زۆربەی ڕێکخســـتنەکانی دەرەوە بەتایبەتی لەگەڵ ئەوروپا، شەهید سامی عەبدولرەحمان هەڵسوڕێنەری ئەو پێوەندییانە بوو کە لەپێناوی گەڕاندنـــەوەی چالاکی حزبی و پتەوکردنی پێوەندییە حزبییەکان زۆر چالاکبوو، هەر لەو بارەیەوە لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥دا سەردانی (ڤییەننا)ی کـــرد و ژمارەیەك کۆبوونەوەی لەگەڵ کادیرەکانی ئەو وڵاتە سازکرد لەوانەش نووســـەری ئەم چەند دێڕە لەکۆبوونەوەکاندا بەشـــداربوو کە تیایدا بناغە ســـەرەکییەکان دەستنیشانکرا لەبارەی چۆنیەتی کارکردن بۆ داهاتوو هەروەها ڕێکخستنی چالاکییەکانی (کۆمەڵـــەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) کـــە لـــەو کاتانـــەدا وەکو (ســـەنگەرێکی هێڵەکانی پێشـــەوەی) لێهات بـــۆ خەباتی فیکری و دیپلۆماسی کوردی. سەرکردەکانی کۆمەڵەکـــە، لەوانەش نووســـەری ئەم چەند دێڕە، لـــە گەیاندنی قەبـــارەی تراژیدیای کـــوردی بـــۆ جیهانـــی دەرەوە و لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پێوەندییەکان لەگەڵ پارت و کەســـایەتییە پێشـــکەوتووخوازەکان بـــوون بـــە پێشـــەنگ، هـــاوکات پێوەندی نێوان ســـەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتـــی کوردســـتان لەگـــەڵ پارتـــی کۆمیۆنیســـتی نەمساوی دەستپێکرد کە بە ســـەرۆکایەتی ڕاوێژکار (برونۆ کرایسکی) بوو و کـــە لەگەڵ بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان هاوســـۆزبوو بـــە تایبەتیـــش (بزووتنەوەی ڕزگاریخـــوازی فەڵەســـتینی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی) شـــەهید (ســـامی عەبدولرەحمـــان) ڕۆڵێکـــی دینامیکی لەم پێوەندییانەدا گێڕاو بەندەش هاوکاریی دەکرد، ئەو چاوپێکەوتنانە لەبارەی کێشەی کوردی و ئاراســـتە و ڕەهەندەکانـــی بۆداهاتوو وەکو دیالۆگێکی فکری قووڵ بوون هەروەها بریتی بوون لە سرووشی فیکری بۆ نەوەی نوێ کە چارەنووسەکەی هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارەتیە گەورەیە بوو لە بەخشـــین و بەردەوامبوونا بۆ شۆڕشی کورد. بەڵێ واشبوو، دەستەبژێرێك لەم نـــەوە نوێیە کە بـــە هزری شۆ ڕ شگێڕ ا نە




**لەساڵی ١٩٧٥ پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی نەمساوی دەستی پێکرد**

دەوڵەمەند بوون و جاروبار دەوڵەمەند بە هزری رادیكالی نیزیك بە هزرەكانی (گیڤارا) و (ترۆتسكی)، هەر لە هزری (بوون — وجودیەت) تاكو ئایدیالیزمی و یۆتۆپیانیزمییەت، رووبەڕووی بارەكە بوونەوە و بە بوێرانە و ئەمانەت و دڵسۆزانە ئەو بەرپرسیارەتییەیان لەئەستۆ گرت. بەو شێوەیە، تیشكە سەرەتاییەكانی شۆڕشی گوڵان دەستی بە دەركەوتن كردو سەرەڕای هەموو مەترسی و سەركەشییەكان و وێڕای ستەمداریی رژێمەكان لە ٢٦ی گوڵانی ١٩٧٦ یەكەمین پریشكی شۆڕشەكە هەڵگیرسا، ئەویش لەرێگەی ئەنجامدانی ژمارەیەك لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەدژی بنكە سەربازییەكان كە لە هەمان ئەو كاتانەدا شەهید (سامی عەبدولرەحمان) لەو بارەیەوە لە

كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانیدا لە (لەندەن) ئەو باسەی راگەیاند كە بەشێوەیەكی مەیدانی رابەرایەتیی شۆڕشەكەی كرد لە ناوەوەی كوردستان سەرەڕای كەموكوڕی لە ئیمكانییەتەكان، شۆڕش هیچ سەرچاوەیەكی نەبوو بۆ چەك و سەرچاوە داراییەكانی زۆر كەمبوو و پشتگیریی دارایی بۆی كەم و بچووك بوو، بەڵام رۆحی شۆڕشگێڕانە لە ئاستێكی بەرزدابوو، ئەمەش بوو بە زەمینەیەكی گرنگ لە داهێنانی تەكتیكی نوێ بۆ كاری شۆڕشگێڕانەی پشت بەستوو بە ئەزموونی نەتەوەكانی جیهان (وەكو كوبا و ڤێتنام و

فەڵەستین). بەوشێوەیە، رۆشناییە سەرەتاییەكان بۆ رێگەیەكی دوور و ترسناك و هەستیار دروست بوون و شۆڕش بەو بڕە سەرچاوە كەمەی توانیی لەسەر زەویی واقیعدا خۆی جێگیربكات و رەگی بچەسپێنێت و چالاكییەكانی سەرنجی دوژمنەكانی پێش دۆستەكانی رابكێشێ. هەر بۆیە، كاری شۆڕشگێڕانە كارێكی ئاسان نەبوو (هەروەها بەهیچ شێوەیەك وەكو كاری سیاسیی ئەمڕۆ ئاسان نییە)، بەڵكو كارێكی زۆر ئەستەمە بەشێوەیەك كە ژیانی مرۆڤ بەردەوام لە مەترسیدابوو، ئیتر چۆن لەگەڵ



**خەبات وتێكۆشانی شۆڕشی گوڵان ئەو دەسكەوتانەی ئێستای بۆ كورد بەدیهێنا**



**لەدەستپێکی شۆڕشی گوڵاندا شۆڕش هیچ ئیمکانیەتێکی لۆژیستی نەبوو، بەڵام ڕۆحی شۆڕشگێڕی لەوپەڕی بەرزیدا بوو**

کۆمەڵــە خەباتگێــڕ و تێکۆشــەرێك کە ژیانیان دەخەنە دەســتی قەدەرەوە لەمیانی ڕووبەڕووبونەوەی دەســەڵاتی زوڵمکەر و ستەمدار؟ هەر لەوکاتانەدا، ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنگرەی ساڵانەی (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) دەســتیان پێکرد و کۆنگرەکە لە یەکێك لە هۆڵەکانی زانکــۆی (بەرلینــی ئازاد) لە شــاری (بەرلین)دا بەسترا. بەستنی کۆنگرەکە لە کەشــوهەوایەکی پڕ لە گرژی و ئاڵۆزی و هەروەها مەترسیدار بەڕێوەچوو، چونکە کۆمەڵکــە لەبەر باڕەشــی کەرتبوون و دووبەرەکێدا بەهۆی کاردانەوەی نسکۆی شۆڕشــی کوردو باری نالەبار و گرژی ناو کوردســتان مەترســی هەڵوەشانەوەی لەســەر بوو، بە چەندگفتوگۆیەکی توند لەسەر دروشمەکان کۆنگرە دەستی پێکردو دوو ئاراســتەی جیاواز لە ناو ئەندامانیدا دروســت بوو، یەکەمیان ڕۆڵی سلبیانەی ئەو ئەندامانەی بوو کە لەناو دارو پەردووی شۆڕشــەوە هاتبوونــەوەو ڕای ئەندامانی کۆنگرەیان بە ڕێگــە لاوەکیەکاندا دەبرد( هەنــدێ لەمانە تا ئەمــڕۆش لە ژیانی سیاسیانەی هەرێمی کوردستاندا پێشەنگن ولە بنکە هەســتەوەریەکانیدان)، هەر بۆیە هێڵەکانی کۆنگرە پێکەوە نەدەبەســترایەوە تائاکام هەنــدێ لەوانە کشــانەوەو دواتر کۆمەڵەیەکی تایبەت بــە ئایدیۆلۆژیای خۆیان دامەزراند، ئیتر کۆنگرە درێژەی بە کارەکانی خۆی دا و دانیشتنەکان لەلایەن ئەم کادرانەوە سەرپەرشتی دەکران (د. ڕۆژ نووری شاوەیس، د.محەمەدساڵح جومعە، د.ناســح غەفوور، د.شــێرزاد نەجار) و چەند کادرێکی سەربەخۆ..تاد، کۆنگرەکە پشــتێنەیەکی پتــەو بوو بۆ شــۆڕش لە کوردســتان و پشــتگیری تەواوی خۆی بۆ بەرخودان لە شــاخەکانی کوردســتان دەربــڕی، هــەر لــە دوای تەواوبوونی کۆنگرەو لە مانگی ئابی ســاڵی **١٩٧٦** یەکەمین کۆنفرانســی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە دوای نسکۆوە و لە بەرلینی خۆرئاوا سازدرا، تێیدا هۆکارەکانی نسکۆ و باری گشتی ســەرهەڵدانەوەی شۆڕش و پەرەپێدانی ڕێکخســتنەوەی حزبی باس کران، کۆنگرە لەســەر نەخشەی ڕێگەی ڕزگاریخوازانــەی کــوردی ڕێککەوتــن و ڕێبــازی چەکدارانەش چەســپێنرا کە پێشــتریش لە لایەن شۆڕشــی گوڵانی پێشکەوتووخوازەوە وەکوو ڕێگەیەکی تازە بۆ کاری خەباتگێڕی بڕیاری لەسەر درابوو، هەروەها لــە کۆنفرانســەکەدا ئەندامانی نوێی سەرکردایەتی هەڵبژێردران، هەندێك ناوەکانیان بەئاشکراو هەندێکیش بەنهێنی ناوەکانیان پارێزران.

بەم شێوەیە هەموو کەموکوڕییەکانی کە لەسەرکردایەتی کاتی هەبوو چارەسەرکران، لەناو سەرکردایەتیشدا کۆمەڵێك خەباتگێڕ دەنگیان پێدرا لەوانە ســەرۆك مســعود بارزانی، شەهیدی هەمیشە زیندوو ئیدریس بارزانی، شەهید ســامی عەبدولرەحمان، جەوهــەر نامیق، محەمــەد ڕەزا، عارف تەیفــوور، وریا ســەعاتی، فازیل جەلال، عەبدولرەحمــان بێداوی، دکتــۆر کەمال کەرکوکــی) ئینجا بۆ لقــی ئەوروپای پارتیــش محەمــەد ڕەزای تێکۆشــەر هەڵبژێردرا تاکو بەرپرســیارێتی لقەکە لە بەرلینی ڕۆژئــاوا بۆ ڤییەننا بگوازێتەوە، لەوێ پەیکەربەندی ڕێکخســتنی حزبی لەســەر بناغەیەکــی نــوێ داڕێژێتەوە، شــیاوی وتنە وێڕای ئــەو هەموو پیلانە موخابەراتییانەی عێراق کەبۆ جووڵانەوەو چالاکییەکانی لە ئــارادا بوون ئەو لقەی ئەوروپا چالاك بوو..

شۆڕشی گوڵان گوزارشتی لە ڕەهەندێکی ستراتیژی دەکرد ڕایگەیاند تێکۆشان لە پێناوی سەرکەوتندا پشوو درێژی دەوێت

ئەم سەرەتایانە لە حەقیقەتدا بووژانەوەیەك بوو بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد، بەپێی بنەما تازەکانی پەرەســەندنی شۆڕش لە بزافەکانی ڕزگاریخــوازی جیهانیدا، کە هاوبەند بوو بەتێکۆشانی میللەتانی تینوو بە ئازادی. خەباتگێڕانی پێشەنگ لەشۆڕشی گوڵان دا چەندین سەروەریی بە بایەخیان لە تێکۆشان پێشکەش کردوو سەلماندیان کە زیندوویەتی نەتەوە لەبەرامبەر ستەمکاریدا دانامرکێت، لــە قۆناغێکدا بەربەســتی بێتەڕێ بۆ دامرکانــەوەی لە قۆناغێکی تردا دەگەشێتەوە، ئەم شۆڕشە گوزارشتی لە ڕەهەندێکی ســتراتیژی دەکرد، کاتێك ڕایگەیاند تێکۆشــان لەپێناو سەرکەوتندا پشــوودرێژی دەوێت، لە ڕاستیدا خەبات و تێکۆشــانی شۆڕشــی گوڵان ڕێگەی خۆشکرد بۆ بەرهەمی بەپێز و زیندوو کەلە قۆناغەکانی داهاتوودا دەســتکەوتی ئەو بەرهەمانەی ئێســتای بۆ میللەتی کورد بەدیهانی، ئەم دەســکەوتانە پێویستیان بە هاوکاریکردنی یەکتر و پشت بەیەك بەستن هەیە، تاکوو بپارێزرێن و بەئاسانی لەدەست دەرنەچن.



# لە ساڵیادی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازدا

**مسرور بارزانی بۆ گوڵان:**

# شۆڕشی گوڵان تروسکایی خەباتی بەزیندوویی هێشتەوەو ئومێدی سەرکەوتنی بۆ گەلەکەمان گەڕاندەوە





گوڵان
ژمارە (٧٨٢)
٢٠١٠/٥/٢٤





گوڵان
ژمارە (٧٨٢)
٢٠١٠/٥/٢٤

**مسرور بارزانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی ئاژانسی پاراستنی کوردستان، ئەو سەرکردە لاوەیە کە هەموو کات بە شێوەیەکی واقیعبینانە سەیری بارودۆخی سیاسیی کوردستان دەکات و هاوکێشە ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان دەخوێنێتەوە، لای مسرور بارزانی پارتایەتی یەك مانای هەیە، ئەویش کوردایەتییە، بۆیە کاتێك سەبارەت بە پارتی و ئایندەی پارتی پرسیاری لێدەکەیت هەست دەکەیت ئەو پارتی لە بازنەیەکی گەورەتردا سەیر دەکات و پێیوایە ئەرکی سەرەکی پارتی کوردایەتییە نەك حزبایەتی، کاتێك سەبارەت بە پارتی رەخنەی ئاراستە دەکەیت، زۆر بەهێمنی و واقیعیانە وەڵامی رەخنەکان دەداتەوە و ئەگەر رەخنەکەش رووی پارتی بگرێتەوە راشکاوانە رەخنەکان قبوڵ دەکات.ئەم دیمانە تایبەتەی گوڵان لەگەڵ بەرێز مسرور بارزانی، سەرەتا وابریاربوو کە تایبەت بێت بە خوێندنەوەی شۆڕشی گوڵان بۆ ئێستا و هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئایندە، بەڵام لەکاتی ئەنجامدانی ئەم دیمانەیە چەندین پرسیاری دیکەی تایبەت بە بارودۆخی ئێستا و کۆنگرەی داهاتووی پارتی هاتنە ئاراوە، بۆیە ئەم دیمانە تایبەتەی بەرێزیی لەگەڵ گوڵان چەندین لایەنی هەمەجۆری گرتۆتەوەو زۆر پرسی گرنگی تاوتوێکردووە. ئەمەش دەقی دیمانەکەی بەرێز مسرور بارزانی- یە.**

## بارودۆخی ئێستای کوردستان

**گوڵان: پێش ئەوەی پرسیارەکانمان سەبارەت بەساڵیادی شۆڕشی گوڵان ئاراستەی جەنابت بکەین، بارودۆخی ئەمڕۆ وا پێویست دەکات هەڵوەستەیەك لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان بکەین، بە تایبەتی دوای تیرۆرکردنی قوتابی لاو سەردەشت عوسمان، بێگومان تیرۆرکردنی لاوێك جێگەی داخ و نیگەرانی هەموو لایەکمانە، بەڵام ئەوەی دەمەوێت لە جەنابت بپرسم بۆچی ئەمکارە تیرۆریستییە لەلایەن لایەنێکەوە کرایە مەسەلەیەکی سیاسی و پارتی دیموکراتی کوردستانی پێ تۆمەتبار کرا؟ ئایا بەرێزت چۆن ئەم مەسەلەیە دەخوێنیتەوە؟**

**مسرور بارزانی:** سەرەتا بەخێرهاتنی گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بۆ ساڵیادی شۆڕشی گوڵان هاتوونەتە ئێرە، سەبارەت بەم پرسیارەشتان دەربارەی تیرۆرکردنی قوتابی لاو کاکە سەردەشت، دەمەوێت ئەوە بڵێم ئێمە هەموومان وەك هاووڵاتییەکی ئەم وڵاتە نیگەرانین بە رووداني ئەمکارە تیرۆریستییە و بکەرانی تیرۆرکردنی کاك سەردەشتیش مەحکوم و ریسوا دەکەین، ئەمە لایەنێکی مەسەلەکەیە، لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە ئەوەیە کە دەڵێم چ وەکو تاك، چ وەکو حزب، چ وەکو داموودەزگای ئەم هەرێمە، بۆ بەدواداچوونی ئەمکارە تیرۆریستیە درێغیمان نەکردووە و درێغیش ناکەین. بۆیە لێرەدا دەمەوێت دوو مەسەلەی گرنگ لە یەکتری جیابکرێتەوە:

یەکەم: کاتێك کاك سەردەشت یان هەر تاکێکی دیکەی کۆمەڵگەکەمان بە ناهەق خوێنی دەڕژێت و دەستی تیرۆ دەیگاتێ، ئەمە داخێکی گران بۆ هەموومان بەجێدەهێڵێت.

دووەم: تێکەڵاوکردنی ئەمکارە تیرۆریستیە وەك مەسەلەیەکی سیاسی، بەڕاستی گۆڕینی تاوانێکی لەوجۆرە بە مەسەلەیەکی سیاسی و راکێشانی پەنجەی تۆمەت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە، ئێمە دەمانەوێت ئەم دوو مەسەلەیە تێکەڵ نەکرێت، خەڵکانێك بیانەوێت تێکەڵیشی بکەن، رێگەیان پێنادەین ئەو تێکەڵکردنە بەردەوام بێت.

پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە بۆچی رێگە بە دەزگا یاساییەکان و دەزگا فەرمییەکانی حکومەت نەدرا بۆ ئەوەی بەدواداچوون لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەن بە شێوەیەکی یاسایی؟ هەر زوو ئەم مەسەلەیەیان بۆ مەبەستێکی سیاسی قۆستەوەو دژی لایەنێکی سیاسیی بەکاریان هێنا، خوێنی ئەم لاوەیان کردە کەرەستەیەك بۆ دژایەتیکردنی لایەنێکی سیاسی کە ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە پێناوی مەرامە تایبەتییەکانی خۆیان ویستیان سوکایەتیان بە خوێنی لاوێکی وەك کاك سەردەشت بکەن. بەڕاستی ئەمە جێگەی داخە، ئەگینا پارتی هەرگیز لەوە دڵگران نەبووە کە خۆپیشاندان دەکرێت بۆ دۆزینەوەی ئەو تیرۆریستانەی بە ناهەق کاك سەردەشتیان تیرۆر کردووە، پارتی لەوە دڵگران نەبووە کە هەستی خەڵك جوڵاوە بەرامبەر لەدەستدانی گەنجێکی ئەم وڵاتە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئاسایشی هەرێمی کوردستان چەند سەقامگیر بووە، لەبەر ئەوەی بە رووداني کارێکی لەو شێوەیە هەموو کەس لە کوردستان هەستی پێکردووەو کاریگەری لەسەر هەموو کەسێك هەبووە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە ئەمجۆرە رووداوانە لە هەرێمی کوردستان شازن و ئەوانەشی ئەو کارانە ئەنجامدەدەن نامۆن بە کۆمەڵگەی

**سەرکردایەتی شۆڕشی گوڵان ئەو راستیەی بۆ ئاشکرا بوو کە پشت بەستن بە خوای گەورە و هێزی گەل و دوورنەکەوتن لە خاکی وڵات، مەرجی سەرەکین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان**

**پارتاییەتی کوردایەتییە، پارتی لە سەردەمی دروستبوونی بۆ ئەوە بووە کە خزمەتی کورد و کوردستان بکات**

کوردستان، بۆیە ئەم حاڵەتە خۆی لەخۆیدا خوێندنەوەیەکی تایبەتی دەوێت، بەڵام کاتێك دەبینن هەر لەسەرەتاوە کەسێك یان لایەنێك تاوانبار دەکرێت، ئەمە لەرووی تەکنیکەوە ئاستەنگ دەخاتە بەردەم ئەو لیژنانەی کە وەزارەتی ناوخۆ بۆ مەبەستی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بۆ ئەو تاوانە پێکهێنراون، لەلایەکی دیکە بە سیاسیکردنی ئەم رووداوە دیارە دۆسیەکی دیکە دەخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان، ئەمەش لە خزمەتی بەدواداچوون و دۆزینەوەی ئەو تیرۆریستانە نییە کە بەو کارە هەڵستاون، ئەمە بێڕێزیکردنە بەرامبەر بە هەست و سۆزی بنەماڵەی کاك سەردەشتیش.

ئینجا ئەوانەی خۆپیشاندان دەکەن بۆ دۆزینەوەی بکەرانی ئەم تاوانە و ئەو تیرۆریستانەی ئەمکارەیان ئەنجامداوە، ئێمەش هەموومان پشتیوانی ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیە دەکەین، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە تێکەڵکردنی دۆسییەکان و راکێشانی پەنجەی تۆمەت بۆ لایەنێکی سیاسی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمە پارتی نیگەران کردووە. لەبەر ئەوەی پارتی لە هەموو لایەنێك زیاتر خۆی بە خاوەنی سەروەریی و پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیانی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە دادەنێت، پارتی خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر پاراستنی کەرامەتی هەرتاکێك و پاراستنی ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان، بۆیە کاتێك نابەرپرسیارانە پەنجەی تۆمەت بۆ پارتی رادەکێشرێت، پارتی ئەمە قبوڵناکات، هەروەها هەرگیز پارتی ئەوە لە هیچ لایەنێك قبوڵ ناکات بۆ مەرامی سیاسیی و بێ بەڵگە پەنجەی تۆمەتی بۆ رابکێشرێت، هەموو لایەکیش دەزانێت و بینیشمان مەسەلەی تیرۆرکردنی کاکە سەردەشتیان بۆ مەرامی سیاسی خۆیان بەکارهێنا، ئەمەش قبوڵ ناکرێت. بۆیە پارتی زۆر بە لۆژیکانە و دووربینانە وەڵامی داوەتەوە و کەسیشی تاوانبار نەکردووە، بەڵکو لایەنی دیکەی بە تاوانبارکردنی خودی خۆی تاوانبار کردووە، پارتی بەلایەنی بەرامبەری گووتووە، تۆ ناتوانی من تۆمەت بار بکەیت و ئەگەر نەتوانیت تۆمەتەکانی خۆت لە دادگا بسەلمێنیت، ئەوا دەبێت خۆت وەڵامی دادگا بدەیتەوە.

**ئەو لەهجەیەی لە بەیاننامەکەی پارتیدا بەکار هاتووە، وەڵامی ئەو لەهجەیە بووە کە پارتی پێ تۆمەتبار کراوە**

**گوڵان: بەڵام ئەو بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی ئەو تۆمەتانەی پێداوەتەوە، ئێستا دەڵێن توند بووە دەبوایە نەرمتر بووایە، من پرسیار لەبەرێزیت دەکەم ئایا ئەم بەیاننامەیە کاردانەوەی هەڵچوونێك بوو، یان دەبوو پارتی لەبەرامبەر ئەو تۆمەتانە بەو جۆرە بێتە وەڵام؟**

**مسرور بارزانی:** بێگومان پارتی بەرگری لەخۆی کردووە، بۆیە ئەو لەهجەیەی لە بەیاننامەکەی پارتیدا بەکار هاتووە، وەڵامی ئەو لەهجەیە بووە کە پارتی پێ تۆمەتبار کراوە، بۆیە کاتێك تۆ بڕوات بەخۆت هەبێت، بێگومان قبوڵ ناکەیت بەرامبەرەکەت هەموو شێوەیەکی توند بەکار بهێنێت و تومەتبارت بکات و چاوەڕێی ئەوەش نەکات وەڵامبدرێتەوە، پارتی وەڵامی ئەم تۆمەتانەی داوەتەوە، بۆیە ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ پارتی زۆر لەو وشە و شێوازانە توندتر و قورستر بووە کە لە بەیاننامەکەی پارتیدا هاتوون.

**ئەو تۆمەتانە دەدەنە پاڵ من یان هەرتاکێکی ئەم وڵاتە، ئەوا دەبێت بچێت لەبەردەمی دادگا وەڵامی خۆی بداتەوە**

**گوڵان: هەروەها هەوڵیاندا ئەم مەسەلەیە گرێبدەنەوە بۆ کۆڕێکی بەرێزیتان کە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین گرێدرابوو، پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆچی بەم شێوە بەرنامە بۆ داڕێژراوە جەنابتان بوون بە ئامانجی ئەو لایەنە؟**

**مسرور بارزانی:** تا دوای تیرۆرکردنی کاك سەردەشت من هەر ئەوم نەناسیوە و نەمزانیوە کێ بووە، کە من چوومەتە زانکۆی سەلاحەددین بۆ ئەو کۆڕە، چەند سەد قوتابیەك بۆ ئەو کۆڕە هاتبوون و کۆڕەکەش هەمووی بە کامیرای ڤیدیۆ وێنەی گیراوە و ماوە، هەروەها مامۆستاکان لەوێ بوون، دوای ئەو تۆمەتە پرسیوومە، دەڵێن ئەو ئەسڵەن لەو کۆڕە هەر ئامادە نەبووە، لەلایەکی دیکە لەو کۆڕەدا نەکەسێك بێڕێزی کردووە، نەکەس رەخنەی توندی گرتووە، ئامادەبووان پرسیاریان کردووەو من وەڵامم داونەتەوە و ئەمانەش هەمووی بە ڤیدیۆی تۆمارکراو هەیە، ئینجا نازانم یەکێك بیەوێت تۆمەتێکی ناڕەوا دروست بکات، ئەوا دەبێت ئەو کەسەی ئەو تۆمەتانە دروست دەکات بزانێت، کە مەسەلەی دروستکردنی تۆمەت هێندەی تاوان گرانە، ئەگەر ئەو کەسە بەڵگەی لایە فەرموو با بەڵگەی خۆی بخاتە روو، خۆ من هاووڵاتیەکی ئەم وڵاتەم و ئامادەم بچمە بەردەمی دادگا، ئەگەر ئەوانەی ئەو تۆمەتانە دەدەنە پاڵ من یان هەرتاکێکی ئەم وڵاتە، ئەوا دەبێت بچێت لەبەردەمی دادگا وەڵامی خۆی بداتەوە بۆچی ئەو تۆمەتانە دەدەنە پاڵ کەسێك ئەوجا ئەو کەسە من بم یان هەرکەسێکی دیکەی ئەم کۆمەڵگەیە بێت.

**هەڵمەتە دژی سەرۆکی هەرێمی کوردستان خزمەتی چی ئەجێندایەکی بێگانە دەکات؟**

**گوڵان: لەم مەسەلەیەدا جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش کرایە ئامانج، پرسیاری من ئەوەیە لەم باروودۆخەدا کە هەموو کورد چاوەڕێی ئەوەیە کورد بە یەکڕیزی و یەك مەرجەعی بچێتە بەغدا، ئایا ئەم هەڵمەتە دژی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆچی؟**

**تەنیا ئومێدی من ئەوەیە کە گەلی کوردستان سەرکەوتوو بێت، هەروەها دڵنیایان دەکەینەوە کە ئاسایش و سەقامگیری ئەم وڵاتە هەر بەردەوام دەبێت و ئێمە خزمەتکاری ئەوانین و بەردەوامیش دەبین لە خزمەت کردنیان**

**من هاووڵاتیەکی ئەم وڵاتەم و ئامادەم بچمە بەردەمی دادگا**



**مســـرور بارزانـــی:** تەنیـــا لەم مەسەلەیەدا هەڵمەت دژی جەنابی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان نەکراوە، پێشـــتریش ئەم هەڵمەتە دژی جەنابی دەســـتی پێکرابوو، پێشـــتریش هەوڵیانداوە لە شکۆی جەنابی ســـەرۆك وەك ســـیمبول و وەك ئـــەوەی زۆرینەی زۆری خەڵکـــی کوردســـتان متمانەی پێـــداوەو ئەو دەســـکەوتانەی لەم وڵاتە بەدەستهاتوون کەمبکەنەوە، بۆیە ئەمە دوو تەفسیری هەیە:

١- ئەگەر ئـــەم هەڵمەتەی دژی جەنابی سەرۆك و دەسکەوتەکانی گەلـــی کوردســـتان دەســـتێکی ناوخۆیـــی لە پشـــتەوەیەوە، ئەوا بەداخـــەوە ئـــەو خەڵکانـــە زۆر سەرکێشانە یاری بە چارەنووسی میللەتێك دەکـــەن. لەبەر ئەوەی لێدانـــی پێگـــەی ئەزموونـــی هەر ســـیمبولێك لێدانی تەواوی دەسکەوتەکانی ئەم وڵاتەیە.

٢- ئەگەر ئەو دەستە ناوخۆییانە لەلایەن خەڵکی دیکەشـــەوە پێیان دەکرێت، دیسان دەڵێم بەداخەوە ئەوەندە بێ هەڵوێست و بێ ئیرادەن کە نازانن بەرژەوەنـــدی گـــەل و نەتەوەکەیان لـــە چیدایە و بـــە نەزانی خزمەتی ئەجیندایەکی بێگانە دەکەن.

بۆیە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەمکارەی دەیکەن دژی ئەم ئەزموونەیە، دژی پێشـــڤەچوونی ئـــەم هەرێمەیە کە چەندین ساڵە لە سایەی سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆك بارزانی دا ئارامی و ســـەقامگیری و پێشـــکەوتن و پەرەپێدانی ئابووری و پێگەیشـــتنی سیاسیی باڵی بەسەر ئەم هەرێمەدا کێشاوە. ئەمەش بۆتە جێگەی فەخر و شـــانازی هەمـــوو تاکێکی ئەم وڵاتە، بۆیە ئەگـــەر گروپێك بێن و بیانەوێت بە درۆ و دەلەسە ئەم هەموو دەسکەوتانە بسڕنەوە، من ئەوەندەیان پێدەڵێم پەتـــی درۆ کورتە. هەروەها پێیان دەڵێم ئەگەر ئێمە جیاوازیشمان هەبێت، دەتوانین بە زمانی دیالۆگ جیاوازییەکانی خۆمـــان دەربڕین، بەڵام نەگاتە ئەو ئاســـتەی هەموو دەسکەوتەکان بکەونە مەترسیەوە.

## ڕێگە نادەین ئاسایش و ئارامی ئەم هەرێمە بشێوێنرێت


**گوڵان: پێش ئەوەی بچینە سەر تەوەری شۆڕشـــی گـــوڵان، دەخـــوازم ئەگەر بەڕێزیت شـــتێکت مابێت ئاراســـتەی گەلی کوردســـتانی بکەیت، حەزدەکەین پێمان بڵێیت؟**

**مســـرور بارزانی:** تەنیـــا ئومێدی من ئەوەیە کە گەلی کوردســـتان سەرکەتوو بێـــت، هەروەها دڵنیایـــان دەکەینەوە کە ئاســـایش و سەقامگیری ئەم وڵاتە هەر بەردەوام دەبێت و ڕێگەش نادەین ئاسایش و ئارامـــی ئـــەم هەرێمە بـــۆ مەرامی تایبەتی بشێوێنرێت، دووبارەی دەکەمەوە ئێمە بۆ ئەوە بەرپرســـیارتیمان خستۆتە سەرشـــانمان بۆ ئەوەی خزمەتی وڵات و هاووڵاتیانی خۆمـــان بکەین و دەبێت هاووڵاتیان دڵنیابـــن ئێمە خزمەتکاری ئەوانین و بەردەوامیش دەبین لە خزمەت کردنیان.

## خوێندنەوەیەک بۆ شۆڕشی گوڵان

**گوڵان: شۆڕشـــی گـــوڵان یەکێکە لە وێستگە ســـەختەکانی کاروانی خەباتی**

**بە فەرموودەیەکی جەنابی بارزانی نەمر دەست پێدەکەم کە فەرموویەتی (لە شکست نائومێد نەبن و لە سەرکەوتنیشدا لە خۆبایی نەبن)**



**رزگاریخوازی گەلەکەمان و هەروەها وێستگەیەکە لەو قۆناغە سەختانەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان پێیدا تێپەڕیووە، ئەگەر بە دیدی ئەمڕۆ دەسپێکی شۆڕشی گوڵان بخوێنینەوە، ئایا چۆن دەتوانین سوود لە شۆڕشی گوڵان وەربگرین بۆ ئێستامان؟**

**مسرور بارزانی:** وەڵامی ئەم پرسیارە بە فەرموودەیەکی جەنابی بارزانی نەمر دەست پێدەکەم کە فەرموویەتی (لە شکست نائومێد نەبن و لە سەرکەوتنیشدا لە خۆبایی نەبن).

دوای نسکۆی شۆڕشی گەورەی ئەیلوول، شۆڕشی گوڵان وەڵامێك بوو بۆ ناحەزانی گەلەکەمان تروسکایی خەباتی بە زیندوویی هێشتەوە و ئومێدی سەرکەوتنی بە دەستپێکردنی شۆڕشێکی نوێ، کە درێژە پێدەری شۆڕشی ئەیلول بوو بۆ گەلەکەمان گەڕاندەوە، ئەم وانەیە هەمیشە ئەوەمان بیر دێنێتەوە کە ئیرادەی گەل و بڕوابەخۆبوون، بە هێزترین چەك و هێزە بەرامبەر بە پیلانی دوژمنانمان.

**گوڵان: ئەگەر شۆڕشی گوڵان ئەو ئەلقەیە بێت لە زنجیرەی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیمان، لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول، لەو زنجیرە مێژووییەدا ئەلقەیەکی تێکهەڵکێشراوبوون، ئایا شۆڕشی گوڵان چۆن سوودی لە مێژووی ئەیلوول وەرگرت و چۆن مێژوویەکی تازەی دەست پێکرد؟**

**مسرور بارزانی:** هەڵسانەوە لە نسکۆیەکی گەورە، کە بە پیلانێکی نێودەوڵەتی رێکخرابوو، ئاسان نەبوو. سەرکردایەتی شۆڕشی گوڵان ئەو راستیەی بۆ ئاشکرا بوو کە پشت بەستن بە خوای گەورە و هێزی گەل و دوورنەکەوتن لە خاکی وڵات، مەرجی سەرەکین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان. هەروەها هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی متمانەی خەڵك بە شۆڕش و نەهێشتنی ئاسەواری ناتەبایی، لە پەنای رووبەڕوونەوەی هێرشە دڕندانە یەك لە دوا یەکەکانی رژێم، سەختترین قۆناغی شۆڕش بوو. دەبوایە هەوڵێکی جیددی بدرێت بۆ ئەوەی مێژووی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول دووبارە نەبێتەوە. شۆڕشی گوڵان بەشێوەیەکی مودێرنتر لەسەر بناغەی رووبەڕووبوونەوەی سەربازی سنووردار و پشت بەستن بە رێکخستنە نهێنییەکان، ئومێدی سەرکەوتنی مسۆگەرتر دەکرد و لەسەر بنەمای خەباتی مەیدانی و ناساندنی کێشەی گەلی کورد بە جیهان درێژەی بە شۆڕشی دا.

## پارتی لە هەردوو شۆڕشی ئەیلول و گوڵان ئومێدی بو گەلی کورد بونیاد نایەوە

**گوڵان: پارتی کە شەرەفی هەڵگیرساندنی هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵانی لە مێژووی رزگاریخوازی گەلی کوردستاندا پێبڕاوە، لە هەر دوو شۆڕشەکەدا لە ناو نائومێدییەکی قووڵەوە سەرلە نوێ ئومێدی بۆ میللەتی کورد بونیادنایەوە، ئەگەر ئێستای خۆمان، وەك ئەڵقەیەکی دیکەی هەمان مێژووی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان بخوێنینەوە، ئایا دەتوانین بەو ئاستە گەشبین بین کە پارتی ئومێدی نەوەکانی ئایندەیە؟**

**مسرور بارزانی:** بێگومان پارتی لە قۆناغی خەباتی سەردەمی گەلەکەمان پێشڕەو بووە. پارتی نەك

**پارتی هەرلە زەمانی بارزانی نەمرەوە تا سەرۆک مسعود بارزانی لە واقیعی کوردستان بووە. بۆ ئێستا و ئایندەش پارتی لەوە تێدەگات کە دەبێ لەگەڵ و لە ئاست تێگەیشتن و حەقیقەتی گەلەکەیدا بژیت، ئەمجۆرە سیاسەتە وایکردووە پارتی سەقامگیرتربێت و جێگەی بڕوا و متمانەی خەڵک بێت و ئایندەیەکی رووناکیش چاوەڕوانی پارتی بکات**



تەنیا لە هەردوو شۆڕشدا ئومێدی بو گەلی کورد بونیاد نایەوە، زۆر باش لە پێکهاتەی سیاسی و جڤاکی و جوگرافی کوردستانیش تێگەیشبوو و خاڵی جیاکەرەوەی تریش لە حزبەکانی تری کوردستان، تێگەیشتنی سەرکردایەتی پارتی هەرلە زەمانی بارزانی نەمرەوە تا سەرۆك مسعود بارزانی لە واقیعی کوردستان بووە. بۆ ئێستا و ئایندەش پارتی لەوە تێدەگات کە دەبێ لەگەڵ و لە ئاست تێگەیشتن و حەقیقەتی گەلەکەیدا بژیت.

پارتی بەدوای شیعارات و بۆ وروژاندنی سۆزی کەمینەیەك کاری نەکردووە و کاریش ناکات، بەڵکو هەمیشە هەڵگری سیاسەت و دروشمی وا بووە، کە بتوانێ بەدییان بێنێ و سەرکەوتن مسۆگەر بکات. هەر لەو روانگەیەشەوە پارتی هەمیشە خۆی لەگەڵ واقیعی وڵات و گەلی کوردستان گونجاندووە و بە باوەشێکی کراوە نوێخوازی و پێشکەوتنخوازی قبوڵ دەکات و رێگە بۆ نەوەکانی ئێستا و ئایندە خوش دەکات، تاکو جێگەی خۆیان لە ناو پارتیدا ببیننەوە و سەرکردایەتی پارتی بو قۆناغە نوێیەکان بگرنە دەست. ئەمجۆرە سیاسەتە وایکردووە پارتی سەقامگیرتربێت و جێگەی بڕوا و متمانەی خەڵك بێت و ئایندەیەکی رووناکیش چاوەڕوانی پارتی بکات.

## پشت بەستن بە لاوان و نەوەی نویێ هۆی بەردەوامبوون و سەرکەوتنی پارتییە

**گوڵان: شۆڕشی گوڵان فێری دوو خاڵی گرنگی کردین، یەکەمیان بەخۆداچوونەوە و هەستانەوەی دوای شکست، دووەمیان سپاردنی سەرکردایەتی ئەم ئەرکە سەختە بە سەرکردایەتیەکی گەنج. ئەم خوێندنەوەیە بۆ ئێستا و سوود وەرگرتن لە شۆڕشی گوڵان بۆ داهاتوومان فێرمان دەکات دەبێت بۆ هەستانەوە و خۆئامادەکرن بۆ قۆناغە سەختەکان بو دیدێکی رەخنەیی خۆمان بخوێنینەوە و هەروەها فێرمان دەکات پشت بە نەوەی نۆی ببەستین، پرسیاری من ئەوەیە ئایا تا چەند بڕوامان بەوە بێت کەپێویستە بەدیدی رەخنەیی خۆمان بخوێنینەوە و تا چەند پشت بە لاوان و نەوەی نویێ ببەستین؟**

**مسرور بارزانی:** پارتی هەمیشە بە سینگێکی فراوانەوە رەخنەکانی قبوڵ کردووە و ئامادەبووە بەخۆداچوونەوە بکات و خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەی مێژوو و رابردووی خۆی بکات بۆ ئەوەی هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەبنەوە و وانە وەربگرێت بۆ باشترکردنی ئایندەی خۆی، خوێندنەوەی پارتی لە رووداوەکانی رابردوو بە شێوەیەکی زانستیانە و بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ئایندە بووە، پشت بەستن بە لاوان و نەوەی نویێ هۆی بەردەوامبوون و سەرکەوتنی پارتییە، راستە کە پارتی هەمیشە بەهۆی ئەو کولتوورە ئەخلاقیەی کە هەیەتی رێزێکی بێ پایانی لە خەباتکەر و شۆڕشگێر و سیاسەتمەدارەکانی بەساڵاداچوو دەگرێت و سوودی لە ئەزموون تێگەیشتنیان وەردەگرێت، بەڵام هەمیشە رێگەی بۆ نەوەیەکی نوێش کردووەتەوە بۆ ئەوەی بێتە پێشەوە، واتە دەستاودەستکردنی سەرکردایەتی پارتی بۆ لێدانی جیلی کۆن نەبووە، بەڵکو بەشێوەیەکی سیستەماتیکی و لەسەرەخۆ، هێنانی نەوەی نویێ داهاتووی پارتی مسۆگەرتر کردووە.

## سەرکردایەتی شۆڕشی گوڵان لایەنە خەباتکەرەکانی تری کوردستانی قبوڵ کردووەو هەمیشە هەوڵی پێکەوە کارکردنی داوە

**گوڵان: لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی گوڵان دیاردەی فرە لایەنی سیاسی لەکوردستان هاتە ئاراوە، پارتی لەم قۆناغە زۆر زوو لەگەڵ ئەم دیاردەیە راهات و توانی لە چەند بەرەیەکدا**

پارتی هەمیشە بە سینگێکی فراوانەوە رەخنەکانی قبوڵ کردووە و ئامادەبووە بەخۆداچوونەوە بکات و خوێندنەوەیەکی واقیعبینانەی مێژوو و رابردووی خۆی بکات بۆ ئەوەی هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەبنەوە

پارتی لە هیچ کاتێکدا یاری بە هەست و سۆزی گەلەکەی نەکردووە و هەمیشە خۆی لە پێناو گەلەکەیدا کردۆتە قوربانی



بۆ ئێستا و
ئایندەش پارتی
لەوە تێدەگات کە
دەبێ لەگەڵ و لە
ئاست تێگەیشتن
و حەقیقەتی
گەلەکەیدا بژێت

لە کۆنگرەی
داهاتوودا، پارتی
بەرنامەی باش
و نوێی هەیە بۆ
خۆ گونجاندن
و پێشکەوتن و
هەنگاوونان بەرەو
ئایندەیەکی
رووناکتر و پڕ لە
سەروەری بۆگەل و
نیشتمانەکەمان



**سیاسەتی راستگۆیانەی پارتی بە دوای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد، وایکردووە لەسەر ئاستی ساحەی نێودەوڵەتی هەڵسوکەوتێکی لۆجیکیانە بکات**

**پارتی لەو کاتانەدا بەرگری لە خۆی و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەی کردووە و هەر کاتێ بوار رەخسابێت، دەستی دۆستایەتی و هاوپەیمانی درێژ کردووە و شان بە شانی حزبە هاوپەیمانەکانی تر، درێژەی بە خەبات داوە**

**گیانی ئەم فرمیە بپارێزێت، پرسیاری من ئەوەیە ئایا چۆن ئەم گۆڕانکاریە هاتە ئاراوە؟**

**مسرور بارزانی:** سەرکردایەتی شۆڕشی گولان وەکو خۆی رووداوەکانی دەخوێندەوە و لەو گوڕانکاریانەی بەسەر واقیعی کوردستاندا هاتبوو تێگەیشتن و مامەڵەیەکی واقیعیانەی لەگەڵ دەکرد و سەرکردایەتی پارتی لە هیچ کاتێکدا تووشی ئەو خەیاڵە نەبووە کە لایەنە خەباتکەرەکانی تری کوردستان قبوڵ نەکات و هەمیشە هەوڵی پێکەوە کارکردنی داوە، بەڵام ئەوە خودی پارتی بووەو کە دژایەتی دەکرا و دەکەوتە ژێر هەڕەشەی لەناوبردن، پارتی لەو کاتانەدا بەرگری لە خۆی و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەی کردووە و هەر کاتێ بوار رەخسابێت، پارتی دەستی دۆستایەتی و هاوپەیمانی درێژ کردووە و شان بە شانی حزبە هاوپەیمانەکانی تر، درێژەی بە خەبات داوە، پارتی لە هیچ کات و ساتێکدا، ترسی لە بەرهەڵستکەری دیکە نەبووە و ئەوەندە بڕوای بەخۆ بووە کە فرەلایەنی سیاسی تێکوشانی گەلەکەمان دەوڵەمەندتر دەکات و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئامادەبووە لەگەڵ ئەو لایەن و هێزانە لە یەك سەنگەردا خەبات بکات کە لە پێناو کورد و کوردستان خەباتیان کردووە.

## بەداخەوە لەبەر هەر هۆیەک بێت پارتی نەیتوانیووە وەکو پێویست ئافرەتانی بە توانا بەرێژەیەکی بەرچاو بگەیەنێتە ئاستی سەرکردایەتی

**گوڵان: ئێستا پارتی خۆی بۆ کۆنگرەیەکی تازە ئامادە دەکات، خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرە واتە خۆئامادەکردن بۆ خوێندنەوەی پارتی بە دیدێکی رەخنەییانە و ئامادەکردنی بەرنامەیەکی تازە کە لەگەڵ قۆناغی ئایندە بگونجێت، ئەگەر بە گیانی شۆڕشی گوڵان و بەدیدێکی رەخنەیی بوێرانە پارتی بخوێنینەوە ئایا هەست ناکەن پارتی ماوەی زیاتر لە (٥٠) ساڵە نەیتوانیووە ئاستی بەشداری ئافرەت لە سەرکردایەتی پارتی فراوان بکات؟ بۆ نموونە لە ساڵی(١٩٥٩) پارتی تەنیا پارت بووە کە توانی جێگەی ئافرەت لەسەرکردایەتی بکاتەوە، بەڵام ئێستا (٢٠١٠) ئەو رێژەیە زیادی نەکردووە، ئایا بە رای بەڕێزت ئەمە رەخنەیەك نییە بەسەر پارتیەوە؟ ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە ئاستی بەشداری ئافرەت لە ناو پارتیدا وەك پێویست نییە؟ ئایا چۆن وەڵامی ئافرەتانی کوردستان دەدەنەوە ئەگەر لەم بوارە رەخنەتان لێبگرن؟**

**مسرور بارزانی:** لە کۆنگرەی داهاتووی پارتیدا پێمولیە دەتوانین رێز و پێگەی پارتی لە هەموو روویەکەوە بەهێزتر بکەین، پارتی بەرنامەی باش و نوێی هەیە بۆ خۆ گونجاندن و پێشکەوتن و هەنگاونان بەرەو ئایندەیەکی رووناکتر و پڕ لە سەروەری بۆ گەل و نیشتمانەکەمان، بێگومان نەبوونی رێژەیەکی بەرچاوی ئافرەت لە هەموو رێکخراو و دامەزراوەکانی سیاسی و کومەلایەتی و. هتد دڵخۆشکەر نییە، بەڵام ئەگەر لۆجیکیانە بڕوانینە پێکهاتەی ولاتەکەمان، لەبەر هۆی مێژوویی و کولتووری و ئایینی، ئافرەت وەکو پێویست رێگەی پێنەدراوە بێتە پێشەوە، هەر خودی ئەم تەسك بینیە وایکردووە کە ئافرەتانیش وەکو پێویست



هەوڵی خۆ ئامادەکردن و بەشداربوون لە کۆمەڵگە نەدەن، پارتی بۆ ئەوەی گەشە بە یەکسانی و ئەکتیڤکردنی بەشداری ئافرەت بدات، هەر زوو یەکێتی ئافرەتانی دامەزراند و هیوا و ئومێدیشی ئەوە بووە ئافرەتی بە توانا و پێگەیشتوو لە ریزەکانی پێشەوەی سەرکردایەتی بن. بەڵام بەداخەوە لەبەر هەر هۆیەك بێت پارتی نەیتوانیووە وەکو پێویست ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات و ئافرەتانی بە توانا بەرێژەیەکی بەرچاو بگەیەنێتە ئاستی سەرکردایەتی، هیوادارم پارتی لە مەودوا دەرگای واڵاتر بێت و ئافرەتان بتوانن دەورێکی باڵاتر و کاریگەرتر ببینن، بەڵام نەك تەنیا لەبەر ئەوەی ئافرەتن، بەڵکو لە بەر ئەوەی کەسانی بە توانا و تێگەیشتوو و پێگەیشتوون.

**بوونی یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوان، نیشانەی بایەخدانە بەتوێژی قوتابی و لاوان**

**گوڵان: لایەنێکی دیکەی دیدی رەخنەییمان لە پارتی ئەوەیە کە ئێستا هەست دەکەین بایەخدانی پارتی بە لاوان و قوتابییانی کوردستان لە ئاستی بایەخدانی مێژووی پارتی نییە بۆ ئەم دوو توێژە گرنگە، ئایا تا چەند لە بەرنامەتاندایە کە بایەخی زیاتر بە قوتابییان و لاوان بدەن؟**

**مسرور بارزانی:** لەوانەیە ئەم خوێندنەوەیە زۆر دروست نەبێت. چونکە بوونی یەکێتی قوتابیان و یەکێتی لاوان، نیشانەی بایەخدانە بەتوێژی قوتابی و لاوان، لەوانەیە لەبەر دواکەوتنی بەستنی کۆنگرە، لە سەرکردایەتی پارتی بە گشتی گۆڕانکاری نەبووە ( کە ئەمەش چەند هۆیەکی دیاریکراوی هەیە) و وا هەست کرابێت کە بایەخدانی پارتی بە لاوان و قوتابیان کەمتر بووە لە جاران، هەر چەندە هیچ پێوەرێك نییە کە بزانێت تا چەند پێویستە قوتابی و لاو دەوری خۆیان ببینن، پێموایە تا زیاتر بایەخ بە نەوەی نوێ و هێز و توانای نوێ و بیر و زانستی نوێ بدەین، تەمەنی پڕ سەروەریی پارتەکەمان درێژ دەکەین و سەرکەوتنی زیاتر مسۆگەر دەکەین، ئەوەی لە توانای خۆمدا بێت زۆرم هەوڵداوە کە ئەو گەنج و قوتابیانەی کە هەستم بە توانایان کردووە، بێنمە پێشەوە و دەوری کاریگەریشمان پێداون و زۆریش سەرکەوتوو بوونە لە راپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆیان، ئەوەی راست بێت پارتی ئەوندە قوتابی و لاوی پێگەیشتوو و بە توانای هەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ لە ئایندەی پارتی دڵنیامان دەکەنەوە.

**ئەو بیروباوەڕەی پارتی لە پێناویدا خەبات دەکات، سنوورەکانی بەزاندووە و زۆرینەی گەلی کوردستان هاوبیر و لایەنگیری پارتی و دروشمەکانمانیەتی**

**گوڵان: لایەنێکی دیکەکە لە بۆنەی شۆڕشی گوڵاندا دەخوازم ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە جەماوەری پارتی لە رێکخستنەکانی پارتی زیاترن و جەماوەری پارتیش تەنیا هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق نین، بەڵکو لە سەرجەم کوردستانی گەورە، کوردستانییەکان پارتی بە حزبی خۆیان دەزانن، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا رەخنەیەك لە پارتی بگرین ئایا پێتوانیە پارتی لەم چوارچێوەیەدا**

پارتی بۆ ئەوەی گەشە بە یەکسانی و ئەکتیڤکردنی بەشداری ئافرەت بدات، هەر زوو یەکێتی ئافرەتانی دامەزراند و هیوا و ئومێدیشی ئەوە بووە ئافرەتی بە توانا و پێگەیشتوو لە ریزەکانی پێشەوەی سەرکردایەتی بن

نەبوونی رێژەیەکی بەرچاوی ئافرەت لە هەموو رێکخراو و دامەزراوەکانی سیاسی و کومەڵایەتی و. هتد دڵخۆشکەر نییە

**کەمتەرخەم بووە و پێویستە لە ئایندەدا چاوێك بەم لایەندا بخشێنێتەوە؟**

**مسرور بارزانی:** ئامانجی سەرەکی پارتی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان بووە، لەوانەیە زۆر کەس لایەنگیر و پشتیوانی پارتی بووبن و ئەندام نەبن لە رێکخستنەکانی پارتی، ئەو بیروباوەڕەی پارتی لە پێناوی خەبات دەیکات، بێگومان سنوورەکانی بەزاندووە و زۆرینەی گەلی کوردستان هاوبیر و لایەنگیری پارتی و دروشمەکانمانن.

لەلایەکی ترەوە پارتی لە هیچ کاتێکدا یاری بە هەست و سۆزی گەلەکەی نەکردووە و هەمیشە خۆی لە پێناو گەلەکەیدا کردۆتە قوربانی کە پێچەوانەی زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی ترە کەلە ساحەی کوردستان خەباتیان کردووە.

پارتی نەیویستووە کە تەنیا بە وروژاندنی سۆزی نەتەوەیی گەلەکەمان تووشی نەهامەتی و هێرشی هەمەلایەنە بکات. لەوەش تێگەیشتووە کە چارەسەری کۆتایی کێشەی کورد تەنیا بە رێگەی دیالۆگ و ئاشتیانە دەکرێت. سیاسەتی پارتی ئەوە بووە کە بەرگری و پشتیوانی لە مافە رەواکانی گەلی کورد بکات لە هەر شوێنێکی دنیا بن، بەڵام لە واقیعی سیاسی و جوگرافی ئیمڕۆی ناوچەکە تێدەگات و نایەوێت دەستوەردان لە کاروباری پارچەکانی تری کوردستاندا بکات و بە جوڵاندنی سۆزی نەتەوەیی سەرانسەری، هێرش و دوژمنکارییەکی سەراسەری دژی کورد پێکبهێنرێت. کەواتە پارتی نەك کەمتەرخەم نەبووە، بەڵکو سیاسەتی راستگۆیانەی پارتی بە دوای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردی، وایکردووە کە پارتی لەسەر ئاستی ساحەی نێودەوڵەتی هەڵسوکەوتێکی لۆجیکیانە بکات.

**بۆ ئەوە پارتی بەردەوام خەبات دەکات کە هەموو مافە رەواکانی گەلەکەمان بێنێتەدی**

**گوڵان: پارتی هەموو کات رەشماڵێکی گەورەی بیری نەتەوەیی و رۆشنگەری و رەسەنایەتی کوردستانی بووە، بۆیە خەڵك کەوتۆتە ژێر ئەو رەشماڵە وەك بیری خۆی هاتووە و لە ناو پارتیشدا ئەو بیرەی گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، راشکاوانەتر پارتی وەك پاسەوانی بەرەیەکی نەتەوەیی کوردستان، پاسەوانی رۆشنگەری و رەسانەیەتی کۆمەڵگەی کردووە، پرسیاری من ئەوەیە چۆن ئەم پەیامەی پارتی جارێکی دیکە بۆ رۆشنبیرانی کوردستان دووپات بکەینەوە؟**

**مسرور بارزانی:** پارتی دروست بوو بۆ ئەوەی پارێزگاری لە مافی رەواکانی گەلی کورد بکات و بەرگری لە هەبوونی کوردستانیان و خاکی کوردستان بکات. بۆ ئەوە دروست بوو کە هەستی بروابەخۆبوون و خۆبەکەم نەزانین لای هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە بەهێز بکات.

بۆ ئەوە بووە کە هاووڵاتیانی کوردستان خۆیان بە یەکسان لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی تر بزانن، بۆ ئەوەی کە بارێکی وا بڕەخسێنێت هزری سیاسی و رۆشنبیری و تواناکانی هەمەلایەنانەی نەتەوەکەمان بەرەو پێش بچن. دەستکەوتنی زیاتر بە دەست بێنین، ئاسۆیەکی رووناکتر دەستەبەر بکەین و ئەرکی پاراستنی هەموو دەستکەوتنەکانیشی لە هەموو قۆناغەك گرتۆتە ئەستۆ. بۆ ئەوە پارتی بەردەوام



پارتی بۆ ئەوە دروست بوو کە هەستی بروابەخۆبوون و خۆبەکەم نەزانین لای هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە بەهێز بکات. بۆ ئەوە بووە کە هاووڵاتیانی کوردستان خۆیان بە یەکسان لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی تر بزانن

پارتی تێگەیشتووە کە چارەسەری کۆتایی کێشەی کورد تەنیا بە رێگەی دیالۆگ و ئاشتیانە دەکرێت



خەبات دەكات كە هەموو مافە رەواكانی گەلەكەمان بێنێتەدی. ئەمە ناوەرۆكی پەیام و خەباتی پارتیە و ئەوانەی رۆشنبیرن و دەتوانن رووداوەكان وەكو خۆیان بخوێننەوە، لە پارتی تێگەیشتوون.

**گوڵان: هەندێك خەڵك دەڵێن پارتی حزبێكی ئایدۆلۆژی نییە و شوێنی هەموو بیروبۆچوونەكانی تێدا دەبێتەوە، ئایا ئێوە پشتگیری ئەم بۆچوونە دەكەن؟ ئەگەر پشتگیری دەكەن ئایا ئەم تایبەتمەندییەی پارتی مانای چییە؟**

**مسرور بارزانی:** بە كورتی پارتاییەتی كوردایەتییە، پارتی لە سەردەمی دروستبوونی بۆ ئەوە بووە كە خزمەتی كورد و كوردستان بكات، بۆیە پابەند نەبووە بە هیچ جۆرە بیرۆبۆچوونێكی تەسك، كە تەنیا نەتەوەیەك یا جۆرە چین و توێژەك لەخۆ بگرێت.

فراوانبوونی مەیدانی فیكری و تێكۆشان لەناو پارتی ئەوەندە بەرینە كە هەموو كەسێك بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و رەگەزی و ئایینی و هزری، جێگەی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە، بەهیوای سەركەوتنی گەلەكەمان بەهیوای سەركەوتنی پارتی و بارزانی.

# پۆپۆلیزم و سیستمی دیموکراتی دامەزراوەیی لاوازبوونی لایەکیان، بەهێزبوونی ئەوی

((هیچ گومانی
تێدانییە، پۆپۆلیزم
یەکێکە لە دیاردە باوەکانی سیاسەتی
ئەمریکای لاتین، تەنانەت بەو جۆرەش بیری
لێدەکرێتەوە کە پەتای رەفتاری سیاسییە، لەسەر
بنەمای نائەقلانیەت و بیروبۆچوونی هەڵە بونیادنراوە،
یان وەك ئامێری ماکیاڤیلی هەموو بیرو بۆچوونەکان
بۆ مەبەستە شاراوەکانی خۆی بەکاردەهێنێت، دیاردەی
پۆپۆلیزم کاتێك دەردەکەوێت دیاردەیەکی ئاسایی نییە و
بە ئاسانیش نارەوێتەوە، پۆپۆلیست وەك سەرکردەی
نموونەیی و فریادرەسی میللەت خۆی نمایش
دەکات، ئەمەیە لەسەر کەلچەری گشتی
ئەمریکای لاتین گەمە دەکات))



پرۆفیسۆر ڤیکتۆر ئارمۆنی
زانکۆی مونتریال

## ...ی، دژی یەکن
## ...دیکەیانە



هەردوو پرۆفیسۆر پاتریشۆ ناڤیا و ئیگناسیۆ ولکەر لەچاپتەری هەشتەمی ئەو دیراسەتەی لە زانکۆی ستانفۆرد بە ناونیشانی (دامەزراوە سیاسییەکان و پۆپۆلیزم و دیموکراسی لە ئەمریکای لاتینی ) ئامادەیانکردووە، ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکێك لەو تەحدییە سەرەکیانەی هاتوتە بەردەمی بونیادی دیموکراتی لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی دەرکەوتنی سەرکردە پۆپۆلیستەکانە، مەترسی لەمە گرنگتر ئەوەیە ئەو سەرکردە پۆپۆلیستیانە بەرێگەی دەنگدان دەردەکەون، کاتێك ئەو سەرکردانەش دەرکەوتن دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراتی لاواز دەبن، بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، پێویستە دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراتی بەهێزبن و بچەسپێنرێن بۆ ئەوەی دیاردەی پۆپۆلیزم سەرهەڵنەدات، ئەو دوو پرۆفیسۆرە زۆر راشکاوانە دەست دەخەنە سەر برین و ئاستەنگەکانی بونیادی دیموکراتی لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی و دەڵێن: پۆپۆلیزمی تازە(Neo-Populism) دێتە ناو پرۆسە دیموکراتیەکە و رەچاوی بنەماکانی گەمەی دیموکراتی دەکات و بەرێگەی سندوقی دەنگدان دێتە ناو پرۆسەکە، بەڵام ئامانجی پۆپۆلیستەکە بەرهەمهێنانی دیموکراتی کەسی پۆپۆلیستەکەیە(personalistic democracy) نەك بونیادی سیستەمی دیموکراتی نوێنەرایەتی دامەزراوەیی، ئەمەش وەك دیموکراسیەتی هۆگۆ شافێز لە فەنزویلا، نیستۆر کیرچنەر لە ئەرژەنتین و ئیڤۆ مۆرالس لە بۆلیڤیا، کەواتە تەنیا رێگە کە سنوور بۆ دەرکەوتنی نیوپۆپۆلیزم دادەنێت دیموکراتیەتی دامەزراوەییە، ئەوەیە دەبێت دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی بەهێز بکرێن بۆ ئەوەی بونیادی دیموکراتی دامەزراوەیی نوێنەرایەتی بکرێت و بێتە دیموکراتیەتی دامەزراوەکان(Democracy of Institutions)، ئەو ئاکامەی هەر دوو پرۆفیسۆر ناڤیا و والکەر پێی گەیشتوون، پێمان دەڵێن پێوەندییەکی پێچەوانەوە و یەکتر بڕ لە نێوان دیاردەی پۆپۆلیزم و دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراتیدا هەیە، هەر کاتێك پۆپۆلیزم لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەرکەوت مانای وایە دامەزراوەکانی ئەو سیستەمە دیموکراتیە بەهێز نین، ئەگەر ئەو کۆمەڵگە یان ئەو سیستەمە بیەوێت سنوورێك بۆ دیاردەی پۆپۆلیزم دابنێت، دەبێت دامەزراوەکانی نێو سیستەمە دیموکراتیەکە بەهێز بکات بۆ ئەوەی رێگە لە دیموکراسیەتی کەسیی پۆپۆلیستەکە بگرێت.

ئێمە بۆ ئەم راپۆرتە و بۆ بەدواداچوونی زیاتر لەسەر ئەم پرسە و سەبارەت بە دیاردەی دەرکەوتنی سەرکردە پۆپۆلیستیەکان و مەترسی بۆسەر سیستەمی دیموکراتی دامەزراوەیی راستەخۆ پرسیارمان ئاراستەی چەند پسپۆرێك کرد، کە تایبەتمەندن لەسەر پرۆسەی دیموکراتی لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی، پرۆفیسۆر کینس رۆبەرت سەرۆکی بەشی حکومەت لە زانکۆی کۆرنێل و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر سیستەمی پارتایەتی و پۆپۆلیزم و نیولیبرالی ئەمریکای لاتینی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی : ((ئەو پێناسەیەی لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین دەربارەی سەرکردەی پۆپۆلستی لە ئارادایە بەم شێوەیە پێناسەی ئەم سەرکردیە دەکات، کە بریتیە لەو کەسایەتیەی زۆرجار لە دەرەوەی دامەزراوەکانەوە سەرهەڵدەدات و هەڵدەستێت بە موخاتەبەکردنی خەڵکە گشتیەکە بە تایبەتی ئەوانەی هەست دەکات لە پەراوێزی پرۆسە سیاسیەکەدان، بەم شێوەیە هەڵدەستێت بە تەحەدداکردنی نوخبە سیاسیەکە یان نوخبە ئابووریەکەی وڵاتەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا، من پێم وایە لە هەموو دیموکراسیەتێکدا جۆرێك لە پۆپۆلیزم هەیە، لەبەر ئەوەی هەمیشە سەرکردەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەوان گوزارشت لە خواست و ویستی خەڵك دەکەن، بەڵام ئەوەی پۆپۆلیزم لە دیموکراسی جیا دەکاتەوە ئەوەیە سەرکردە پۆپۆلیستیەکان

**پێویستە دامەزراوەکانی سیستەمی دیموکراتی بەهێزبن و بچەسپێنرێن بۆ ئەوەی دیاردەی پۆپۆلیزم سەرهەڵنەدات**

**سەرکردە پۆپۆلیستیەکان لە دەرەوەی پرۆسەکە و لە دەرەوەی دامەزراوەکانەوە کار بۆ بەرهەڵستیکردن و تەحەدداکردنی دەسەڵات و نوخبەی فەرمانڕەوا دەکەن**

## پرۆفیسۆر کینس رۆبەرت بۆ گوڵان:

# سەرکردەی پۆپۆلستی لە دەرەوەی دامەزراوەکانەوە سەرهەڵدەدات و هەڵدەستێت بە موخاتەبەکردنی خەڵکە گشتییەکە، بە تایبەتی موخاتەبەی ئەوانەی لە پەراوێزی پرۆسەی سیاسیدان



**پۆپۆلیستەکان زیاتر لە دۆخێکدا دروست دەبن کە دامەزراوەکان زۆر لاوازن**

لە دەرەوەی پرۆسەکە و لە دەرەوەی دامەزراوەکانەوە کار بۆ بەرهەڵستیکردن و تەحەدداکردنی دەسەڵات و نوخبەی فەرمانڕەوا دەکەن)) دەربارەی ئەوەی تاچەند دیاردەی پۆپۆلیزم هۆکارێکە بۆ لاوازکردنی دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی نوێنەراتی، پرۆفیسۆر رۆبەرت بە گوڵانی راگەیاند: ((لە ڕاستیدا سەرکردە پۆپۆلیستیەکان زیاتر لەو سیاقانەدا سەرهەڵدەدەن کە دامەزراوەگەلێکی سیاسی لاواز لە ئارادان، بە تایبەتی سیستمی حزبایەتی، بە چەشنێك ئەم دامەزراوانە ناتوانن زەمینەی ململانێیەکی تەندروست لە نێوان پارتە سیاسیەکاندا بڕەخسێنن، هەروەها کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بەهێزیش لە ئارادانییە، لە هەمان کاتدا دامەزراوەکانی حکومەت ناتوانن وەك پێویست خزمەتگوزارییەکان بە خەڵك بگەیەنن. کە لەم کاتانەدا کەسانێك لە دەرەوەی ئەم دامەزراوانەوە سەرهەڵدەدەن و هەوڵی ڕاکێشانی خەڵك دەدەن بە لای خۆیاندا، کەواتە دەتوانم بڵێم دروستبوونی ئەم سەرکردانە ڕەنگدانەوەی لاوازی دامەزراوەکانە ...کەواتە پۆپۆلیستەکان زیاتر لە دۆخێکدا دروست دەبن کە دامەزراوەکان زۆر لاوازن و ئەوانیش پەنا بۆ موخاتەبەکردنی ڕاستەوخۆی خەڵك دەبەن.))، لەم لێدوانە راستەوخۆیەی پرۆفیسۆر رۆبەرت بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان ئەوە دەخوێنرێتەوە کە دەرکەوتنی سەرکردەی پۆپۆلیستی یان نیوپۆپۆلیستی راستەوخۆ دەرەنجامی لاوازی دامەزراوەکانی سیستمە دیموکراتیەکە و لاوازی سیستمی حزبایەتیە لەو وڵاتەدا، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری لاوازی سیستمی حزبایەتی بکەین، دەبینن وەك پۆفیسۆر ئادەم پرۆزرکسی لە زانکۆی نیویۆرك ئاماژەی پێکردووە، دیموکراتیەتی نوێنەرایەتی واتە ئەو دیموکراتیەتەی لە ئەنجامی ململانێی حزبەسیاسیەکان دێتە ئاراوە و، زیاتر لەمەش پرۆفیسۆر پرۆزرکسی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، (بەبێ بوونی پارتە سیاسییەکان دیموکراتی سەقامگیر لە جیهاندا بوونی نییە)، کەواتە کاتێك سەرکردەی پۆپۆلیست دەردەکەوێت، یەکەم هەنگاوی بۆ لاوازکردنی پارتە سیاسەکان و ئینکاری وجودی پارتە سیاسیەکان دەست پێدەکات، سەرکردەی پۆپۆلیست راستەوخۆ بانگێشە بۆ خەڵك دەکات حزبە سیاسیەکان گەندەڵن و دژی ئیرادەی ئێوەن، بۆیە پێویستە دوای ئیرادەی من بکەون و من فریادرەسی نەهامەتییەکانی ئێوەم، پۆپۆلیست خۆی پێش هەمووان دەزانێت فریادرەس نییە، بەڵام لەبەر ئەم هۆکارانە ئەم بانگێشانە دەکات:

**بەبێ بوونی پارتە سیاسییەکان دیموکراتی سەقامگیر لە جیهاندا بوونی نییە**

١- سەرکردەی پۆپۆلیست کاتێك دێتە ناو پرۆسەی گەمە دیموکراتیەکە، باش دەزانێت پارتە سیاسیەکان هۆکاری سەرەکین بۆ بونیادی دیموکراتی نوێنەرایەتی و دیموکراتی دامەزراوەیی، بەڵام ئامانجی پۆپۆلیستەکە دیموکراتی کەسی خۆیەتی، واتە دەیەوێت فیکری خۆی لە جێگەی بنەماکانی لیبرالیزم تەوزیف بکات.

٢- ئەگەر دامەزراوەی بەهێز هەبوو دەسەڵاتەکانی نێو سیستمە دیموکراتیەکە لەژێر چاودێریدان واتە (چاودێری سەروەری یاسا)، بەڵام پۆپۆلیست دەیەوێت خۆی رۆڵی ئەو چاودێرە بەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی نێو سیستمە سیاسیەکە بگێرێت، واتە بەخەڵك دەڵێت من چاودێری راستەقینەم نەك سەروەری یاسا، سەبارەت بەم پرسە و دژایەتیکردنی پۆپۆلیست بۆ بەها دیموکراتیەکان، پرۆفیسۆر رۆبەرت بە گوڵانی راگەیاند((هۆکاری پشتگیری نەکردنی پۆپۆلیستیەکان بۆ پیادەکردنی بەهادیموکراسییەکان ئەوەبێت چونکە لە دیموکراسیدا دەبێت دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا مومارەسە بکرێن، هەروەها لەبەر ئەوەی لەدیموکراسیدا دەسەڵاتەکان دەکەونە ژێر لێپرسینەوە و چاودێرییە))

### کاریگەری بیری چەپ لەسەرهەڵدانی پۆپۆلیست و بونیادی دیموکراتی کەسی نەك دامەزراوەیی

هەردوو پرۆفیسۆر ناڤیا و وڵکەر لەزانکۆی ستانفۆرد لەو بڕوایەدان پارتە سیاسیەکانی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی خۆیان باشترین زەمینە بۆ

## پرۆفیسۆر سکۆت دیسپۆساتۆ بۆ گوڵان:

# پۆپۆلیستەکان لە ڕوانگەی نائومێدبوونیانەوە سیستمی وڵاتەکەیان بە سیستمێکی ناشەرعی دەزانن و سیاسەت بە مەسەلەیەکی سادە دەزانن، کە تەنیا پێوستی بە سەرکردەیەکی بەهێز و بەئایدیایەکی ڕاست و دروست هەیە



دەرکەوتنـــی پۆپۆلیـــزم دروســـت دەکەن،ئەمـــەش لەبـــەر ئەوەیـــە پارتە سیاسیەکانی بەشێکی زۆری دەوڵەتانی ئەمریـــکای لاتینـــی نەیانتوانیـــوە لە بونیـــادی دامەزراوەکانی سیســـتمی دیموکراتیدا ســـەرکەتوو بن، یان ئەگەر هەوڵیشـــیان دابێت بۆ ئەوەی بونیادی دامەزراوەکانی سیســـتمە دیموکراتیەکە بنێن پۆپۆلیســـت هۆکارێکی ڕێگربووە بۆ ئەو هەوڵانـــە، لەمبارەیەوە هەردوو پرۆفیســـۆر پێیـــان وایە، لـــە هەردوو حاڵەتەکـــەدا چ دیاردەی پۆپۆلیســـت ڕێگر بووبێت لـــە بونیادی دامەزراوەی بەهێز یان حزبە سیاســـیەکان نەیانتوانی بێـــت دامەزراوەی بەهێـــز بونیاد بنێن، دەمانگێڕێتـــەوە بۆ هەمان ئاکام ئەویش ئەوەیە کە دیاردەی پۆپۆلیزم پەیوەســـتە بـــەلاوازی دامەزراوەکانـــی سیســـتمە دیموکراتیەکـــە، بۆیـــە چەنـــدە پارتە سیاســـیەکان کاریگەربن لە کۆمەڵگە و هەوڵەکانیـــان بۆ ئەوە بێـــت دیموکراتی نوێنەرایەتـــی بەرهـــەم بهێنـــن هێندە دیاردەی پۆپۆلیـــزم لاواز دەبێت، ئەمە پێمان دەڵێت ئاســـاییە پۆپۆلیست دژی پارتـــە سیاســـیەکان ڕابوەســـتێتەوە و هەوڵبدات لەناو کۆمەڵگە بێ متمانەیان بـــکات، هـــۆکاری ئەمە کەســـایەتی پۆپۆلیست دیاری دەکات، ئەویش ئەوەیە ئـــەو دیموکراتیەیـــەی لـــە ئاکامـــی ململانێـــی حزبـــە سیاســـیەکان لـــە کۆمەڵگەدا بەرهەمدێت پۆپۆلیست وەك دژی خۆی سەیری دەکات، سەبارەت بە سیســـتمی حزبایەتی لـــەو وڵاتانەی دیـــاردەی پۆپۆلیســـتی سەرهەڵدەدات،سەبارەت بەسیستمی پارتە سیاســـیەکان و دژایەتی پۆپۆلیست بۆ ئـــەو سیســـتمە دیموکراتییـــەی حزبەسیاســـیەکان بەرهەمـــی دەهێنن، پرۆفیسۆر سکۆت دیسپۆساتۆ پسپۆر و تایبەتمەند لە سەر پرۆسەی دیموکراسی و دیـــاردەی پۆپۆلیزم لـــە ئەمریکای لاتینـــی بەمجۆرە ڕای خـــۆی بۆ ئەم ڕاپۆرتەی گـــوڵان خســـتەروو: ((لە زۆرێك لـــە حاڵەتەکاندا دیموکراســـی دەبێتەهـــۆی ئـــەوەی پۆپۆلیســـتەکان دەسەڵات بگرنەدەست. هەروەها هەمیشە پۆپۆلیســـتەکان بـــە نائومێدیـــەوە لە کەموکوڕییەکانی دیموکراسی دەڕوانن. هەموو کەسێك پۆپۆلیستی نییە، لەبەر ئـــەوەی ئێمەیـــش کەموکـــوڕی لـــە دیموکراســـیدا بـــەدی دەکەیـــن. بەڵام پۆپۆلیســـتەکان لـــە ڕوانگـــەی ئەم نائومێدبوونەیانەوە سیستمی وڵاتەکەیان بە سیســـتمێکی ناشـــەرعی دەزانن و سیاسەت بە مەسەلەیەکی سادە دەزانن، کە تەنیا پێوســـتی بە ســـەرکردەیەکی بەهێز و بە ئایدیایەکی ڕاست و دروست هەیە. لـــە دیموکراســـیەتی مۆدێرندا. مەسەلەکان ئاڵۆزترن. بەڵام لەبەر ئەوەی باوەڕیـــان وایە دەتوانـــن تەنیا بەهۆی بوونی حکومەتێکی بەهێـــزەوە هەموو کێشـــەکان چارەسەر بکەن، ئەوا دەکرێت پۆپۆلیســـتەکان دژە دیموکراتـــی بن، زۆربـــەی کات دەردەکەوێت هەڵەبوونە و لەم کاتانەشدا هەمیشە وەك مەترسییەك بۆ سەر دیموکراسی دەمێننەوە. هەموو سیســـتمێکی سیاســـی ئاســـتێك لە پۆپۆلیزمی تێدایـــە، بەڵام کاتێك پارتە سیاســـیەکان دووچاری شکست دەبن، ئەوا دەنگدەران دووچـــاری نائومێدی دەبن و ئەو کاتە کەشـــێك دروست دەبێت کە ســـەرکردە پۆپۆلیســـتەکان سوود لە هەلومەرجەکە وەربگرن)). سەبارەت بە کورتبینی پۆپۆلیستەکان و بەسادەیی سەیرکردنی هاوکێشـــە سیاسیەکانیش، پرۆفیسۆر دیسپاســـۆتۆ بەم ڕاپۆرتەی ڕاگەیانـــد: ((پۆپۆلیســـتەکان جیهانبینیەکی سادەیان هەیە، واقیعەکە بەوجۆرە دەبینن ســـەرکردەیەکی بەهێز دەتوانێت سەرکردایەتی نەتەوەکە بکات و بە باشترین شـــێوە بەرژەوەندییەکانیان بهێنێتەدی، کە سیاسەت مەسەلەیەکی ســـادەیە و تەنیا کردەوەی پێویســـتە. پۆپۆلیستەکان ڕکابەرەکانیان بە گەندەڵ و بە بەشـــێك لە کێشە گەورەکە دەزانن، لەبـــەر ئەوە لە زۆرێك لـــە حاڵەتەکاندا پێیان وایە هەڵبژاردن کۆســـپە لە بەردەم چارەســـەری « ڕاســـتەقینە»دا.بەڵام واقیعی حـــاڵ شـــتێکی دیکەیە و لە زۆربەی دیموکراســـییەکاندا سیاسەت پێویستی بە سازشـــکردن هەیە. لەبەر ئەوە زۆربەی کات، خەڵکی خۆشـــحاڵ نین لە ئاســـت هەڵوێســـتی سەرکردە و

**سەرکردەی پۆپۆلیست ڕاستەوخۆ بانگێشە بۆ خەڵک دەکات حزبە سیاسیەکان گەندەڵن و دژی ئیرادەی ئێوەن، بۆیە پێویستە دوای ئیرادەی من بکەون و من فریادرەسی نەهامەتییەکانی ئێوەم**

**پۆپۆلیست دەیەوێت خۆی ڕۆڵی ئەو چاودێرە بەسەر هەموو دەسەڵاتەکانی نێو سیستمە سیاسیەکە بگێڕێت، واتە بەخەڵک دەڵێت من چاودێری ڕاستەقینەم نەک سەروەری یاسا**

## پاتریشۆ ناڤیا و

# ئامانجی پۆپۆلیست بەرهەمهێنانی
# نەک بونیـــادی سیستمی دیموکـــ
# ئەمەش وەک دیموکراسیەتی
# نیستۆر کیرچنەر لە ئەرژەنتین



چەندە پارتە سیاسیەکان کاریگەربن لە کۆمەڵگە و هەوڵەکانیان بۆ ئەوە بێت دیموکراتی نوێنەرایەتی بەرهەم بهێنن هێندە دیاردەی پۆپۆلیزم لاواز دەبێت




پارتە سیاسییەکانیاندا، بەڵام مەسەلەکە لە دیموکراسیدا ئەوەنییە تۆ دەتوانیت هەموو شتێك بەدەست بهێنێت، بەڵکو ئەوەیە ئایا مافەکانی ژیان و ئازادی پارێزراون و ئایا هەموو کەس دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر پرۆسەی دارشتنی بریارەکان. زۆربەی هاووڵاتیان لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا نارازین لە سیاسەتی حکومەتەکەیان، بەڵام زۆربەی هاووڵاتیان لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا زیاتر لە هەر شێوەیەکی دیکەی حکومرانی پشتگیری لە حکومرانی دیموکراسی دەکەن. لەوەش زیاتر، بەڵگەگەلێکی زۆر لە ئارادان کە دیموکراسی دەبێتەهۆی باشتر گەشەکردنی ئابووری، دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بەرەوپێشچوون)). بەپێی ئەو قسانەی پرۆفیسۆر دیسپاسۆتۆ جۆرە هاودژیەك لە نێوان پۆپۆلیزم و سیستمی دیموکراتی دامەزراوەییدا هەیە، هەروەها هاودژیەکی دیکەش هەیە کە پۆپۆلیستەکان بەرێگەی سندوقی دەنگدان دەردەکەون، سەبارەت بەوەی ئایا پۆپۆلیست دەبێتە هەرەشە بۆ سەر سیستمی دیموکراتی ؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەی گولانیشدا وتی: ((هەمیشە پۆپۆلیزم پێچەوانەوی دیموکراسی نییە. بەڵام دەکرێت ببێتە هەرەشە بۆ سەر زۆرێك لە گرنگترین رواڵەتەکانی دیموکراسەتێکی سەقامگیر. بۆ نموونە، دەبێت هەموو

پۆپۆلیستەکان لە روانگەی ئەم نائومێدبوونەیانەوە سیستمی وڵاتەکەیان بە سیستمێکی ناشەرعی دەزانن و سیاسەت بە مەسەلەیەکی سادە دەزانن

## ئیگناسیۆ ولکەر :

# دیموکراتی کەسی پۆپۆلیستەکەیە
# ـراتی نوێنەرایەتی دامەزراوەیی،
# هۆگۆ شافیز لە فەنزویلا،
# و ئیڤۆ مۆرالس لە پۆلیڤیا



هەموو سیستمێکی سیاسی ئاستێک لە پۆپۆلیزمی تێدایە، بەڵام کاتێک پارتە سیاسیەکان دووچاری شکست دەبن، ئەوا دەنگدەران دووچاری نائومێدی دەبن و ئەو کاتە کەشێک دروست دەبێت کە سەرکردە پۆپۆلیستەکان سوود لە هەلومەرجەکە وەربگرن




کەس پابەند بێت بە دیموکراسی و بە هەڵبژاردنەوە و ڕێز لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بگرێت کە گوزارشت لە ئیرادەی خەڵك دەکات. هەندێ جار پۆپۆلیستەکان ئەوەندە متمانەیان بەڕاست و دروستی خۆیان هەیە ڕێز لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ناگرن. متمانە لە نێوان پارتە سیاسیەکان لە زۆرێك لە وڵاتاندا لە ئاستێکی نزمدایە. لە نێویاندا وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. هەروەها بەرەوپێشبردنی سیستمێکی حزبایەتی پتەو کاتی دەوێت. ئەمەریکا بە دەستی چەندین دژوارییەوە گرفتارە، تەنانەت لە سەرەتادا یاخیبوون لە دژی حکومەتەکەی سەری هەڵدا. کەواتە کاتێکی زۆر خایاند تاوەکو ئەو سیستمە سیاسیەی ئێستا پێی ئاشنانین بێتەدی. )) لەم چوارچێوەیەدا و بۆ زیاتر بەدواداچوون لەسەر کاریگەری سیستمی پارتە سیاسیەکان و لەسەر دەرکەوتنی دیاردەی پۆپۆلیستی پرۆفیسۆر محەمەد تەوەکولی تارخی تایبەتمەند لە شارستانیەت و دیراساتی سیاسیی و مێژووی لە زانکۆی تۆرنتۆ لە کەنەدا، بۆ ئەم راپۆرتە بەمجۆرە رای خۆی خستەروو: ((دروستبوونی پارتە شمولی و پۆپۆلستیەکان تەنیا پەیوەست نین بە وڵاتە تازە گەشەکردووەکانەوە، بەڵکو ئەم پارتانە لە وڵاتانی ئەوروپا و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا سەرهەڵدەدەن، بەڵام گرنگ ئەوەیە

پۆپۆلیستەکان ڕکابەرەکانیان بە گەندەڵ و بە بەشێک لە کێشە گەورەکە دەزانن، لەبەر ئەوە لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا پێیان وایە هەڵبژاردن کۆسپە لە بەردەم چارەسەری «ڕاستەقینە»دا

## پرۆفیسۆر محەمەد تەوەکولی تارخی بۆ گوڵان:

# پۆپۆلیستەکان خۆیان به شمولی نازانن، بەڵام ئەنجامی کارەکانیان دەبێتەهۆی ئەوەی وەک پارتێکی شمولی ڕەفتار بکەن



هەمیشە پۆپۆلیزم پێچەوانەوی دیموکراسی نییە. بەڵام دەکرێت ببێتە هەڕەشە بۆ سەر زۆرێک لە گرنگترین ڕواڵەتەکانی دیموکراسەتێکی سەقامگیر

پۆپۆلیستەکان خۆیان بە شمولی نازانن، بەڵام ئەنجامی کارەکانیان دەبێتەهۆی ئەوەی وەک پارتێکی شمولی ڕەفتار بکەن

خەڵکی ئەو ڕاستیەیان لەبەرچاوبێت کە بە پێچەوانەی بانگەشـەکانی خۆیانەوە ئەم پارتانە نوێنەرایەتی تێکڕای خەڵکی وڵاتەکـە ناکەن. دواتـر دەبێت خەڵکی فێری ئـەوە ببن کە پرسـیارگەلێکی دیاریکراو ئاڕاستەی پارتە سیاسیەکان بکەن کە پەیوەستن بە بەرنامەی کاری ئەو پارتانەوە بۆ دابینکردنی چاودێری تەندروسـتی و باشـترکردنی ڕەوشی پـەروەردە و تـاد. ... هەروەهـا پۆپۆلیستەکان خۆیان بە شمولی نازانن، بەڵام ئەنجامـی کارەکانیان دەبێتەهۆی ئـەوەی وەك پارتێکی شـمولی ڕەفتار بکەن،هەولە پۆپۆلسیستیەکان بۆ ئەوەیە وا پیشـان بدرێت کە ئەو کەسە یان ئەو لایەنە گوزارشت لە خواست و تێڕوانینی تێکـڕای خەڵك دەکات، لە کاتێکدا ئەو پارتـە تەنیـا نوێنەرایەتیەکی جوزئی خەڵك دەکات. هـەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیـە کە پارتە شـمولیەکان بناغەی ئایدۆلۆژیای خۆیان لەسەر ئەو بنەمایە بنیاتنـاوە کـە ئـەوان نوێنەرایەتی و گوزارشت لە خواست و ویستی تێکڕای خەڵکی وڵاتەکە دەکەن، بۆ نموونە پارتە پۆپۆلیسـتیەکان لەسـەر بنەمای ئەو بەڵێنە دەسەڵات دەگرنەدەست کە ژیانی خەڵك بەرەوپێشەوە ببەن، بەڵام لە کاتی شکسـتهێنانیان لـە ئەداکردنـی ئەم ئەرکـەدا پەنـا بـۆ دژایەتیکردنـی پارتەکانـی دیکـە دەبەن،لـەم ڕووەوە ئۆباڵەکەش دەخەنە ئەستۆی هێزەکانی دیکە کە وەك دوژمـن لێیان دەڕوانن و پێیان وایە ئەوان هۆکاری شکستهێنانی ئەوانـن) . کەواتە وەك ئەو پسـپۆرانە ئاماژەی پێدەکەن سەرکردە پۆپۆلیستەکان وا خۆیـان نمایـش دەکـەن کەئەوان سـەرچاوەی هەقیقەتـن و کاتێـك هاووڵاتیان متمانەیـان لێوەردەگرێتەوە وەك دوژمنیش سـەیری هاوڵاتیانیش دەکەن، بۆ ئەوەی ڕێگـە لەم دیاردەیە بگیرێت پرۆفیسۆر نیتینا تان پسپۆر لە سیسـتمی پارتایەتـی و سیسـتمی حکومرانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە خسـتەروو: ((هەڵبژاردنەکان تەنیا میکانیزمێکن بۆ بـە دامەزراوەییکردنـی ململانـێ و ڕکابەری، بۆ ئەوەی ئەو ململانێیە بێ خوێنڕشـتن و توندوتیژی بەڕێوەبچێت. بەڵام ئـەوەی بەدی دەکرێـت ئەوەیە



## پرۆفیسۆر نیتینا تان بۆ گوڵان:

# لەو وڵاتانەی سیستمی حزبایەتی بە دامەزراوەیی نەکراوە، هەموو لایەک دەیەوێت لایەنی براوە بێت، لایەنی دۆڕاو پەنادەباتە بەر توندوتیژی و دەربڕینی ناڕەزایی بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی وڵاتەکە



پۆپۆلیستیەکان لە کاتی شکستهێنانیان پەنا بۆ دژایەتیکردنی پارتەکانی دیکە دەبەن

سیستمی حزبایەتی لە وڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا بە دامەزراوەیی نەکراوە، مەبەستم ئەوەیە هێشتا پارتە سیاسیەکان و پاڵێوراوەکان فێری ڕێساکانی گەمەکە و چۆنیەتی قبوڵکردنی ئەنجامەکان نەبوونە. بە پێچەوانەوە لەو وڵاتانەی کە سیستمێکی حزبایەتی بە دامەزراوەییکراویان هەیە، هەمو لایەنەکان پابەندن بە ڕێساکانی گەمەکەوە، بە چەشنێك هەموو لایەك ئەو ڕاستیەیان لەبەرچاوە کە لە هەڵبژاردنەکاندا لایەنی براوە و لایەنی دۆڕاو دروست دەبێت و لایەنی دۆڕاویش بە ئاسانی ئەنجامەکان قبوڵ دەکات، بەڵام لەو وڵاتانەی ئەم سیستمە بە دامەزراوەیی نەکراوە، ئەوا هەموو لایەك دەیەوێت لایەنی براوە بێت و ئەو لایەنەی کە بە ئەنجامەکانیش خۆشحاڵ نییە، هەوڵی پەنابردنەبەر ئامرازی دیکە دەبات، وەك کودەتا و بەکارهێنانی توندوتیژی و دەربڕینی ناڕەزایی بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی پارتی فەرمانڕەوا، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە لەو سیستمانەدا کە بە دامەزراویی نەکراون هەمیشە ناسەقامگیری لە ئارادایە...

هەر لەم ڕووەوە ئێمە دەتوانین ئەوە بڵێین زۆرجار هۆکاری پێوەندیکردن و چوونە ناو پارتە سیاسیەکانەوە، یەکەمیان هۆکاری ئایدۆلۆژییە و دووەمیان بە ئامانجی بەدەستهێنانی پێگەیەکی سیاسی باشتر یاخود بەدەستهێنانی دەسەڵاتە. چونکە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە پارتە سیاسیەکان ئامرازێکن بۆ بەدەستهێنان و بردنەوەی دەسەڵات. بەڵام ئەوەی پێوەندی بە دیموکراسیەتەوە هەبێت ئەوا خاڵی هەرە سەرەکی بریتیە لە بوونی ململانێ و ڕکابەریکردن لەسەر بەدەستهێنانی متمانەی خەڵك، کە دەبێت لە حاڵەتی بردنەوەی لایەنێکی دیاریکراودا هەمووان بە ئەنجامەکان ڕازی بن و دەرفەت بەو لایەنە براوەیەش بدرێت کە جڵەوی کاروبارەکان بگرێتەدەست. بەڵام لەم قۆناغەدا ناتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین- جا لە وڵاتێکی گەشەکردودا بین یان تازەگەشەکردو_کە ئایا سەرکردەیەکی سیاسی شمولیە یاخود نا)).

سەرکردە پۆپۆلیستەکان وا خۆیان نمایش دەکەن کەئەوان سەرچاوەی هەقیقەتن و کاتێک هاووڵاتیان متمانەیان لێوەردەگرێتەوە وەک دوژمنیش سەیری هاوڵاتیانیش دەکەن



هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی پارێزگای بەغدا بەدەست و لەسەر داوای لیستی دەوڵەتی یاسا هیچ شتێکی لە ئاکامی دەنگدانەکە نەگۆڕی و لیستی ئەلعراقییەی بەسەرۆکایەتی د.عەللاوی وەك لیستی یەکەم هێشتەوە، بەڵام ئەم یەکەمی یە زۆر درێژە ناکێشێت و بە یەکگرتنی لیستی دەوڵەتی یاسا و ئیتیلافی نیشتمانی قەوارەی یەکەم لە ناو پەرلەماندا دەبێتە ئیئتیلافی تازەی نێوان دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی عێراقی، هەروەها ئەو کۆبوونەوەی کە چاوەڕواندەکرا لە نێوان هەردوو سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی د.مالیکی و لیستی ئەلعراقییە بەسەرۆکایەتی د.عەللاوی گرێبدرێت، بە دواخستنی بۆ کاتێکی دیارینەکراو ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە زەحمەتە ئەو کۆبوونەوەیە بگرێت و وەك شێخ جەلالەدین ئەلسەغیریش لەم راپۆتە پێی راگەیاندین هیچ ئاماژەیەك بەدی ناکرێت ئەو کۆبوونەوەیە لەنێوان عەللاوی مالیکی ئەنجامبدرێت، بەپێچەوانەوە هەندێك چاودێر پێیان وایە ئەو کۆبونەوەیە بکرێت و نەکرێت وەك یەك وادەبێت، ئەوەی بەرنامەی د.مالیکی بۆ حکومەتی ئایندە هەیەتی، لەگەڵ بەرنامەکەی د.عەللاوی هیچ خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست ناکات، بۆیە ئاراستەی رووداوەکان پێمان دەڵێن ئەگەر چاودێری باردۆخەکە چاوەڕێی ئەوەبکات کۆبوونەوەی نێوان عەللاوی و مالیکی گۆڕانکاریەك دروست بکات ئەوا چاوەروانییەکی بێهودە دەبێت.

**هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی پارێزگای بەغدا هیچ شتێکی لە ئاکامی دەنگدانەکە نەگۆڕی و لیستی ئەلعراقییەی بەسەرۆکایەتی د.عەللاوی وەک لیستی یەکەم هێشتەوە**

لە نێو ئەم پرۆسە سیاسییەدا کە هەتا ئێستا کێشەمە کێشەکان چ لەنێوان لیستی ئەلعراقییەو لیستی دەوڵەتی یاسا، هەروەها چ لە نێوان لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی لەسەر یەکلایکردنەوەی کاندیدی پۆستی سەرۆك وەزیرانی ئایندەی عێراقدا، کورد بەتەنها لەم باردۆخەدا کێشەی نییە و نە خۆی وەك فراکسیۆنی کوردستانی بەشێکە لە کێشەکە بۆ کاندیدکردنی پۆستی سەرۆك وەزیران،

**بەرنامەی د.مالیکی بۆ حکومەتی ئایندە لەگەڵ بەرنامەکەی د.عەلاوی هیچ خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا دروست ناکات**



# لەپرۆسەی پێکهێنانی ح...
# یەک هەڵوێستی فراکسیۆنی ک...

نە هێڵی سوریشی بەرامبەر هیچ کام لەو کاندیدانە هەیە و دەرگای خۆی بەکراوەیی هێشتۆتەوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەی دەستنیشانکردنی کاندیدی پۆستی سەرۆك وەزیران دەکەوێتە دوای دەستنیشانکردنی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی کۆمار، بەڵام یەکلایکردنەوەی کاندیدی پۆستی سەرۆك وەزیران مەسەلەکانی دیکە بە ئاسانی یەکلایدەکاتەوە.ئەو سیاسەتمەدار و رۆژنامەنووس و چاودێرە عێراقیانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە رەوتی بەرەو پێشەوە چوونی پرۆسەکەیە بەجۆرێك لە رەشبینیەوە سەیری وتووێژەکان بۆ



# ـــکومەتی ئایندەی عێراقدا
# ـــوردستانی ڕۆڵی کاریگەری دەبێت

یەکلایکردنەوەی کاندیدی پۆستی سەرۆك وەزیران دەکەن و پێیان وایە ئەگەر دەوڵەتی یاسا و هاوبەندنی نیشتمانی بشتیوانن بە ئاسانی د.ئەیاد عەللاوی لەم مەسەلەیەدا دووربخەنەوە، ئەوا لەناو هاوپەیمانی تازەی ماڵی شیعەدا بە ئاسانی کاندیدی پۆستی سەرۆك وەزیران، یان ڕاشکاوانەتر بڵێین بە ئاسانی د.مالیکی بۆ ئەو پۆستە کاندید ناکرێتەوە، ئەمەش ئەوەمان پیشاندەدا زۆر زەحمەتە پێش مانگی حوزەیرانی دادێ ئەم پۆستە یەکلاییکرێتەوە.

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە بارودۆخی ناسەقامگیری و هەڵکشانی توندوتیژی و کارە تیرۆریستیەکان کە ئەویش وەك ئاستەنگێکی دیکە لەبەردەم پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دەخوێنرێتەوە، ئەویش ئاستەنگێکی دیکە و تەحدییەکی گەورە لەبەردەم سەرکەوتنی پرۆسەکە دروست دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا بۆ ئەوەی عێراق ڕووبەڕووی بۆشاییەکی زیاتری دەستووری نەبێتەوە و هێندەی دیکە تەمەنی حکومەتەکەی مالیکی کە ئێستا حکومەتی پیادەکردنی کاری ڕۆژانەیە درێژنەبێتەوە، ئەوا پێشبینی دەکرێت کە ئەمریکاش ئیدی بەو ئاستە ڕۆڵی بینەر لەپرۆسەکە نەبینێت و بە شێوەیەکی ئاشکرا بێتە ناو پرۆسەکە و هەوڵبدات کەلایەنە سیاسە عێراقییەکان لەیەکتری نزیکبکاتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی ئایندە پێکبهێنرێت.

لەم هاوکێشەیەدا کە پێدەچێت هەتا حکومەتیش پێکدەهێنرێت، فراکسیۆنی کوردستانی بەشێك بێت لە چارەسەر و لێکنزیکردنەوەی لایەنەکان نەك بەشێك بێت لە کێشەکە،ئەمە سەنگ و ڕۆڵێکی کاریگەر لە پرۆسەکەدا بەکورد دەبەخشێت و ئەگەر فراکسیۆنی کوردستانی بتوانێت لە وتوویژەکانیدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە، بەرنامەی سیاسی هاوبەشی لایەنە بەشدارەکان لەحکومەتدا گرێبداتەوە بە پابەندبوون بەدەستوور جێبەجێکردنی دەستوورەوە، ئەوا بێجگە لەوەی ڕێگە بۆ چارەسەری چەندین کێشەی هەڵواسراوی نێوان بەغدا و هەولێر یەکلایدەکاتەوە لەهەمانکاتدا کێشەی ناوچە دابڕاوەکانیش لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراقدا گرۆتینێکی تازەی بەبەردا دەکرێتەوە هەنگاوەکان بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو کێشەیەش خێراتر دەکەن، بەڵام هەموو ڕۆڵی کورد کە پێشبینی دەکرێت لەو پرۆسە گرنگ و هەستیارە بیگێرێت، بەندە بە یەك هەڵوێستی و یەکدەنگی فراکسیۆنی کوردستانی لە وتوێژەکانی ئایندە لەگەڵ پێکهاتە سیاسەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە.

**سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەنووس و چاودێرە عێراقیانەی لە نزیکەوە ئاگایان لە ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی پرۆسەکەیە بەجۆرێك لە ڕەشبینیەوە سەیری وتوویژەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کاندیدی پۆستی سەرۆک وەزیران دەکەن**

**هەڵکشانی توندوتیژی و کارە تیرۆریستیەکان ئاستەنگێکی دیکە و تەحدییەکی گەورە لەبەردەم سەرکەوتنی پرۆسەکە دروست دەکات**

موفید جەزائیری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق و ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق، یەکێکە لە کەسایەتیە سیاسییەکانی عێراق و لە حکومەتی کاتی ساڵی ٢٠٠٤ دا پۆستی وەزیری رۆشنبیری عێراقی وەرگرتووە، سەبارەت بە رەوشی سیاسیی عێراق و هەوڵە هەمەلایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق، بەڕێز جەزائیری بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

### موفید جەزائیری بۆ گوڵان:


# کورد دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە بڕیاردانی رواڵەتی داهاتووی دەوڵەتی عێراقدا

**دەبێت هەوڵی پێکهێنانی حکومەتی شەراکەت و حکومەتی یەکێتی نیشتمانی بدرێت، نەک ئەو حکومەتەی لەسەر بنەمای موحاسەسەی تائیفی بنیاتنرابێت**

**• ئەنجامی دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکانی پارێزگای بەغدا هیچ شتێکی لە ئەنجامەکە نەگۆڕی و لیستەکەی ئەیاد عەللاویش هەر لە پێشەنگدا مایەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە دوای ئاشکراکردنی ئەنجامە فەرمیەکانەوە هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێ چۆن دەبن؟**

- لە راستیدا هەوڵەکان بەردەوامن لە نێوان هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی بۆ ئەوەی بگەنە تێڕوانینێکی هاوبەش، باوەڕم وایە ئەم هەوڵانە لەگەڵ لیستی ئەلعێراقیەشدا بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان بگەنە رێککەوتن و رێگەچارەیەکی هاوبەش بۆدەرچوون لەو تەنگژەیەی بەدەستیەوە گرفتارن. کە دەبێت لەم چوارچێوەیەدا هەوڵی پێکهێنانی حکومەتی شەراکەت و حکومەتی یەکێتی نیشتمانی بدرێت، نەك ئەو حکومەتەی لەسەر بنەمای موحاسەسەی تائیفی بنیاتنرابێت، بەڵکو حکومەتێك لەسەر بنەمای رەچاوکردنی کەفائەت و شارەزایی و ئەزموون و توانای ئەو کەسانە بنیاتنرابێت کە پۆستە باڵاکان وەردەگرن. هەروەها دەبێت حکومەتێك بێت تێکڕای لایەنەکان بەشداری تێدا بکەن. ئەوەی پێوەندی بەو مەسەلەیەوە هەبێت کە چ لایەنێك ئەرکی پێکهێنانی حکومەت دەگرێتەئەستۆ، پێموایە دەکرێت ئەم مەسەلە لە میانەی گفتوگۆکاندا و بە گەڕانەوە بۆ دەستوور چارەسەر بکرێت.

**• بڕیار بوو کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان عەللاوی و مالیکیدا ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە دواخرا بۆ کاتێکی نادیاری بێئەوەی هیچ هۆکارێك بۆ دواخستنی ئاشکرابکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دواخستنی ئەم کۆبوونەوەیە تا چ رادەیەك**



**پێوەندی بەوەوە هەیە ئەم لایەنانە رووبەڕووی فشار بوونەتەوە؟**

- واقیعی حاڵ ئەوەیە ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە فشاردروستکردن بەهەردوو ئاراستەکەدا لە ئارادایە، واتە لە لایەکی بەو ئاراستەیەدا فشار دەخرێتەسەر لایەنەکان کە لە نزیکترین کاتدا ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام بدرێت، لە لایەکی دیکەشەوە بەو ئاراستەیەدا گوشار دەکرێت کە ئەو کۆبوونەوەیە ئەنجام نەدرێت و سەرکەوتوونەبێت. ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بیڵێم ئەوەیە پێویستی سەرکردەکانی ئەو دوو لیستە مەسەلەکە نەکەنە مەسەلەیەکی شەخسی و لە راستیدا دەبێت پێوەندی و هەڵوێستە شەخسییەکان بخەنەلاوە و هەردوولا کێشەی وڵاتەکە لەبەرچاوبگرن و هەوڵی دۆزینەوەی رێگەیەکی هاوبەش بدەن بۆ رزگارکردنی وڵاتەکە لەو قەیرانەی تێیکەوتووە.

**• ئەگەر هاتوو ئەو کۆبوونەوەیە لە نێوان عەللاوی و مالیکیدا ئەنجام نەدرا و دووبارە پەنا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان لیستی دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانی برا، ئایا دەرفەتەکانی بوون بە سەرۆك وەزیران لە لایەن مالیکیەوە چەند دەبێت و ئایا تا چ رادەیەك رەوتی سەدر بەرهەڵستی ئەوە دەکات مالیکی ئەم پۆستە وەربگرێت؟**

- ئەمە یەکێکە لە کێشە و گرێیەکان، واتە راستە ململانێی ناوخۆیی هەیە لە نێوان هەردوو لیستی دەوڵەتی قانون و ئیئتیلافی نیشتمانیدا، بەڵام ئێمە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین ئەم ململانێ و کێشمەکێشە بە چ رەوت و ئاراستەیەکدا دەڕوات و بە چ ئەنجامێك دەگات، ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەردوولا بڕیاری ئەوەیان داوە بۆ ماوەی ١٠ رۆژی دیکە گفتوگۆکانیان درێژبکەنەوە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە. لە لایەکی دیکەوە گرنگە گفتوگۆ و وتووێژەکان لە نێوان لیستی دەوڵەتی قانون و لیستی ئەلعێراقیەشدا بەردەوام بێت، قەناعەتم وایە دەکرێت لە کۆتاییدا چارەسەرێك بۆ کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە هەر لایەنێك خوازیارە بە زۆرترین دەستکەوت و کەمترین زیان بگاتە ئەم چارەسەرە. لێرەدا دەڵێم گرنگ ئەوەیە لەوە زیاتر یەکلاکردنەوەی مەسەلەکان دوانەخرێت و کۆسپ و ئاستەنگ لە بەردەم چارەسەرەکاندا دانەنرێت، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر بۆشاییەکی گەورە هەیە و هەموو لایەنەکانی ژیان پەکیان کەوتووە و ئیفلیج بوونە، کە تەنها خەڵکی عێراقیش باجی درێژەکێشانی ئەم دۆخەش دەدەن و هیوادارم سیاسییەکانی عێراق ئەم راستیەیان لەبەرچاوبێت. لەگەڵ ئەوەشدا رەشبین نیم و قەناعەتم وایە دەکرێت بگەینە چارەسەرێك بۆ کێشەکان.

**ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین ئەم ململانێ و کێشمەکێشە بە چ رەوت و ئاراستەیەکدا دەڕوات و بە چ ئەنجامێک دەگات**

**• ئایا زیادبوونی ڕەوتی توندوتیژی چ کاریگەرییەکی سلبی دەبێت لەسەر پرۆسە سیاسییەکە و لەسەر دواخستنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ؟**

- ئەوە ڕاستە هەمیشە دریژەکێشانی ناکۆکی و نەگەیشتنی لایەنە سیاسییەکان بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش دەرفەت و پانتایی و بوار بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی گورزی خۆیان بسرەوێنن و دۆخەکە بشڵەژێنن و بارگرژی دروست بکەن و کەشەکە ژەهراوی بکەن، لە لایەکی دیکەوە تێڕوانینم وایە کە گورز وەشاندن لە گروپ و تاقمە تیرۆریستییەکان و لەناوبردنی سەرانی ئەم تاقمانە وەک ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا بەدیمان کرد، هۆکارێك دەبێت بۆ لێکنزیککردنەوەی لایەنەکان لە یەکتری، بەڵام لە کۆتاییدا ئیرادەی سیاسی لایەنەکان مەسەلەکان یەکلادەکاتەوە و لەم ڕووەوە سەرنج و گلەیی من لە لایەنە سیاسییەکان ئەوەیە تاوەکو ئێستا بەرژەوەندییە تایبەتی و حزبیەکانی خۆیان لەسەرووی بەرژەوەندییە گشتی و نیشتمانییەکانەوە دادەنێن.

**• باس و خواسی ئێستا پەیوەستە بەو هاوپەیمانێتیەی چاوەڕوان دەکرێت لە نێوان لیستی ئەلعێراقیە، هاوپەیمانی کوردستانی و ئیئتیلافی نیشتمانیدا دروست بێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك هەردوو لیستی ئەلعێراقیە و ئیئتیلافی نیشتمانی یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەی پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە بەڕێز تاڵەبانییە ببێتە سەرۆك کۆمار؟**

- بە شێوەیەکی گشتی پشتیوانیەك لە ئارادایە بۆ ئەوەی بەڕێز تاڵەبانی ئەو پۆستە وەربگرێتەوە، ڕاستە لە نێوان هەردوو هاوپەیمانێتیەکەدا _ لیستی ئەلعێراقیە و ئیئتیلافی نیشتمانی_ کەسانێك هەن دژی ئەوەن دووبارە ئەم پۆستە بەو کەسایەتیە بدرێتەوە، بەڵام ئەو کەسانە کەمینەن و ناتوانن ببنە هێزی یەکلاکەرەوە، لەلایەکی دیکەوە باوەڕم وایە دەبێت ئەو ڕێکەوتنەی لە نێوان لایەنەکاندا دێتەدی چارەسەرێك بۆ تێکرای لایەنەکانی کێشەکە لەخۆبگرێت. بەڵام هەرچۆنێك بێت پێموایە ئەم پۆستە مسۆگەرە بۆ ئەوەی مام جەلال وەریبگرێتەوە، چونکە جۆرێك لە ڕێککەوتن و قەناعەتی هاوبەش لە نێوان لایەنەکاندا هەیە کە ئەو شایستەی ئەوەیە ئەم پۆستەی پێبدرێتەوە.

**• هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق ئەو ڕاستیە دەزانن کە هۆکاری کێشەکانی عێراق پەیوەستە بە پیادەکردنی سیستمی مەرکەزیەوە لە وڵاتەکەدا، ئەمە لە کاتێکدا لە دەستووری نوێی عێراقدا عێراق بەو شێوەیە پێناسەکراوە کە دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بۆچی هەوڵی دروستکردنی هەرێمی دیکە نادرێت و عێراق لەو هەموو کێشەیە ڕزگارناگرێت؟**

- دروستکردنی هەرێمەکان بەشێکن لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقی، هەروەها ئەوە ئاشکرایە کە لە ڕووی مەبدەئیەوە ئیعتیراف بە فیدراڵیەت کراوە و لە دەستووردا باسی لێوەکراوە، بەڵام ئێمە دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە جێبەجێکردنی ئەم بەشەی دەستوور پەیوەستە بە چارەسەرکردنی چەندین کێشەی دیکەوە، بۆ نموونە تا ئێستا مەسەلەی هەموارکردنە دەستوورییەکان چارەسەرنەکراون، کە هەندێ لەو هەموارکردنانە جەوهەرین، هەروەها تا ئێستا کێشەی دەسەڵات و سەڵاحیاتی نێوان دەسەڵاتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمەکان یەکلانەکراوەتەوە، کەواتە چۆن دەتوانین بێ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە هەوڵی دروستکردنی هەرێمەکان بدەین. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین هێشتا شێوەی دەوڵەتی داهاتووی عێراق ڕوون و نییە هێشتا ڕواڵەت و سیماکانی ئەو دەوڵەتە دیای نییە، کە دەبێت پەرلەمانی داهاتوو ئەم مەسەلەیە چارەسەربکات، هەرچەندە هێشتا پەرلەمانی نوێش کۆنەبۆتەوە، کە ئێمە دەمانەوێت دەوڵەتی داهاتووی عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی، دەستووری و دیموکراتی بێت.

**• ئەگەر ئەو بەرنامە کاری لایەنە سیاسییەکان لەسەری ڕێکدەکەون پەیوەست نەبێت بە جێبەجێکردنی دەستوورەوە، ئایا دەکرێت حکومەتێکی بنکە فراوان دابمەزرێت لە عێراقدا؟**

- لە ڕاستیدا ناکرێت هیچ بەرنامەیەکی سیاسی مەسەلەی هەموارکردنە دەستوورییەکان لە خۆنەگرێت، واتە ناکرێت لەسەر ئەم بەرنامەیە ڕێکبکەون لە کاتێکدا ئەم هەموارکردنانە بە هەڵپەسێردراوی مابێتەوە، لەبەر ئەوەی لە داهاتوودا وەك بۆمبێك دەمێننەوە کە لە هەر ساتێکدا ئەگەری تەقینەوە و تەقاندنەوەی دۆخە سیاسییەکانی لێدەکرێت.

**• ئایا ئێوە بە گەشبینیەوە لە ئایندەی عێراق دەڕوانن، ئایا کشانەوەی هەر پێکهاتەیەکی سەرەکی وڵاتەکە لە پرۆسە سیاسییەکە مایەی هەڕەشە دەبێت بۆ ئەمنیەتی وڵاتەکە؟**

- ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە هێشتا نەمانتوانیوە دەوڵەی عێراق بنیات بنێینەوە، ئێمە هێشتا لە قۆناغی ئینتیقالیداین، دەوڵەتی پێشووی عێراق ڕووخا، بەڵام هێشتا دەوڵەتی نوێی عێراق بە تەواوەتی بنیات نەنراوەتەوە. ئەگەرچی لەم ڕووەوە چەند هەنگاوێکیشمان هەڵگرتووە. لە لایەکی دیکەوە ڕاستە هەر لایەنێك بەرنامە و تێڕوانین و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام دەبێت هەموو ئەو لایەنانە هەوڵی دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش بدەن و مرونەت بنوێنن و تەنازولی دوولایەنە بکەن، ئەگەرنا ناتوانین دەوڵەتی عێراقی وەك دەوڵەتی فیدراڵی و دیموکراتی بنیات بنێینەوە. شەخسی خۆم وەك شیوعیەك گەشبینم بە توانای عێراقییەکان- بە تایبەتی ئەگەر دەستێوەردانی دەرەکی نەهێڵرێت- لەوەی بە گیانێکی نیشتمانپەروەرێتی و بە گیانی زاڵکردنی بەرژەوەندییەکانی وڵات و دانانی ئەم بەرژەوەندیانە لە سەرووی بەرژەوەندییە تائیفی، ئیتنی، شەخسی و حزبیەکانەوە کار بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق بکەن. لە لایەکی دیکەوە پێموایە پێویستە لە هەمان کاتدا فشار لەسەر ئەم لایەنانە دروست بکرێت و هەمیشە لە مەترسی وەرگرتنی ئەو هەڵوێستە نادروستانە ئاگادار بکرێنەوە کە گوزارشت نییە لە بەرژەوەندییە نیشتمانیە باڵاکان.

**• ئایا ڕۆڵی کوردەکان لە هاوکێشە سیاسییەکەدا چەند گرنگە و ئایا کوردەکان دەتوانن ئەو لایەنە بن کە ئەوە دەستنیشان دەکەن تای تەرازووەکە لە بەرژەوەندی چ لایەك دەشکێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ناکرێت ڕۆڵی گرنگی کوردەکان و هەرێمی کوردستان لەبەرچاو نەگیرێت، کە پێموایە نەك هەر ئەو لایەنە دەبن کە دەتوانن تای تەرازووەکە بە لایەکی دیاریکراودا بشکێننەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە بڕیاردان لە ڕواڵەتی دەوڵەتی داهاتووی عێراق، کە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵی ڕاستەقینە بێت، چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی کوردەکاندایە، لەبەر ئەوەی لە ڕابردوودا نەهامەتیەکی زۆریان بینی بەهۆی نەبوونی دیموکراسی لە عێراق و بەهۆی بوونی دەوڵەتی مەرکەزی توندەوە. هەروەها لێرەدا نابێت ئەوە لە یاد بکەن کە ناکرێت فیدراڵیەت لە مەسەلەی دیموکراتی بوون دابیبڕین، چونکە جێگیرکردنی فیدراڵەت چ لە کوردستان و چ لە بەشەکانی دیکەی عێراق بێ بوونی دیموکراسی سەرکەوتن نابێتە چارەنووسی.

**گورز وەشاندن لە گروپ و تاقمە تیرۆریستیەکان و لەناوبردنی سەرانی ئەم تاقمانە وەک ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا بەدیمان کرد، هۆکارێک دەبێت بۆ لێکنزیککردنەوەی لایەنەکان لە یەکتری**

**دروستکردنی هەرێمەکان بەشێکن لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقی**

**شێخ جەلالەدین ئەلسەغیر ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراقە بە سەرۆکایەتی سەماحەتی عەمار حەکیم و ئیمام و خەتیبی مزگەوتی (براپا) لە کازمیە و ئەندامی پەرلەمانی پێشووی عێراقیش بووە، سەبارەت بە باروودۆخی ئێستای عێراق و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق بەڕێز شێخ جەلالەدین بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**


## شێخ جەلالەدین ئەلسەغیر بۆ گوڵان:

# ئێمە پشتگیری تاڵەبانی دەکەین بۆ ئەوەی ببێتەوە بە سەرۆک کۆمار

> ئەو کەسەی کە پۆستی سەرۆک وەزیران وەردەگرێت پێویستە لیستەکەی زۆرینەی قەوارە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان بێت

*** لەچەند رۆژی دادێ و دوای ئەوەی دەنگەکانی بەغدا دووبارە هەژماکرانەوە ئاکامی فەرمی هەڵبژاردن رادەگەیەنرێت، لەگەڵ ئەوەی دووبارە هەژمارکردنەوەکە هیچی لە ئاکامی دەنگدانەکە نەگۆڕیوە، ئایا دوای ئەم هەفتەیە هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە چۆن دەبینن؟**

- بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان .. مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو پەیوەستە بە سروشتی ئستیحقاقاتە دەستوورییەکان. بەپێی ئستیحقاقاتە دەستوورییەکان ئەو کەسەی کە پۆستی سەرۆك وەزیران وەردەگرێت پێویستە لیستەکەی زۆرینەی قەوارە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان بێت. سەرەتا سەرۆك کۆمار هەڵدەستێت بە دەستنیشانکردنی سەرۆك یان کاندیدی گەورەترین قەوارەی سیاسی ناو پێکهاتەکانی پەرلەمان، سەرۆکی هەر قەوارەیەك پێویستە ١٦٤ دەنگ بەدەست بێنێت بۆئەوەی بتوانێت ببێت بە زۆرینە. بەڵام ئەمجۆرە مەسەلانە سەرەتا پێویستی بە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دەبێت، پێش هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریش پێویستە سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرێت. هەربۆیە، وەك ئاشکرایە قەوارە سیاسییەکان تاکو ئێستا دەنگیان نەداوە بۆ پۆستێك کە لە پۆستەکانی تردا جیاوازبێت، بەڵکو هەڵدەستن بە ئەنجامدانی تاوتوێ و گفتوگۆ و دانوستان، بۆ ئەوەی هەرسێ پۆستە سەرەکییەکان، کە بریتین لە: سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و



سەرۆك کۆمار و پۆستی سەرۆك وەزیران بخەنە ناو یەك سەبەتەوە. بە واتایەکی تر، ئەگەر هەر کەسێك بیەوێ هەر یەك لەم پۆستانەدا وەرگرێ، پێویستە ٣/٢ی دەنگەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەست بێنێت، بە رەچاوکردنی ئەو راستییەی کە سەرۆك کۆمار پێویستی بە ٣/٢ی دەنگەکانە. بەشێوەیەکی پراکتیکی، ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر هەر قەوارەیەك نەتوانێت تەوافوقێکی نیشتمانی بۆ کاندیدەکەی وەدەست بێنێت، ئەوە هەرگیز ناتوانێت هیچ پۆستێك لەو پۆستانە وەرگرێت. هەر بۆیە ئێستا پێشبینی دەکرێ قەوارە سیاسییەکان دانوستان و وتووێژی چڕ ئەنجام بدەن لە پێناوی وەدیهێنانی ئەو تەوافوقە بەشێوەیەك کە بتوانرێت وڵاتمان رزگاربکرێت. هەر بۆیە مەرج نییە گەورەترین قەوارەی سیاسی، کە ئێستا (ئەلعێراقییە)یە، خاوەنی گەورەترین چانس بێت لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران، بەڵکو پێویستە تەوافوقێکی نیشتمانی بۆ ئەو پۆستە دروستبکات، لەکۆتاییشدا دەرفەتێکی لاوازی هەیە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، بەتایبەتی کە ئێستا هەردوو هاوپەیمان، (دەوڵەتی یاسا) و (ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی) هەردووکیان تەحەفوزاتیان هەیە لەبارەی سروشتی ئەو پۆستانەی کە لەوانەیە لستی (ئەلعێراقییە) وەریانبگرێت، لەبەرئەوەی لستی (ئەلعێراقییە) بە چاوێك تەماشاناکرێت دوور لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی، کە بەشێوەیەکی ورد بریتییە لە کۆمەڵگە و پێکهاتەی سوننی.

*** بەڵام چاوەڕێ دەکرا لەنێوان لیستی ئەلعراقییە و لیستی دەوڵەتی یاسا کۆبوونەوەیەك بکرێت، بەڵام ئەم کۆبوونەوەیە دواکەوت و هەندێك لە چاودێران دەڵێن ئیئتیلافی نیشتمانی عێراق حەزی لەو کۆبوونەوەی نێوان عەللاوی مالیکی نەبووە، ئەمەش هۆکارێکی ئەو دواکەوتنەیە، بەڕێزت وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی کە بەشێکی سەرەکین لە ئیئتیلافی نیشتمانی لەمبارەوە چی دەڵێن؟**

- بە رای من دواکەوتنی ئەو کۆبوونەوەیە پێوەندیی بە «ئیئتیلافی نیشتمانی

> پێشبینی دەکرێ قەوارە سیاسییەکان دانوستان و وتووێژی چڕ ئەنجام بدەن لە پێناوی وەدیهێنانی ئەو تەوافوقە بەشێوەیەک کە بتوانرێت وڵاتمان رزگاربکرێت

عێراقی»ـــەوە نییـــە، لەبەرئـــەوەی «ئیئتیلافـــی نیشـــتمانی عێراقـــی» هەمیشە دەستپێشخەر بووە لە بانگەشە بۆ تواندنەوەی ئەو بەســـتەڵەکەی لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا بوونی هەیە، هەر «ئیئتیلافی نیشتمانی» بوو کە داوایکرد بۆ پێکهێنانی حکومەتێکـــی هاوبەش و نیشـــتمانی بە بەشداریکردنی هەموو لیســـتە براوەکان، هەروەها هیچ فشـــارێکی نەختستۆتە سەر (مالیکی) یـــش. پێموایە خاڵی هاوبەش لەنێـــوان (د.عەلـــلاوی) و (د.مالیکی) وەك ئەوەیـــە هـــەر نەبێـــت، لەبەرئەوەی هەردووکیـــان خـــاوەن پرۆگرامی جیاوازن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە جیاوازەکان. بەڵام بێگومان فشاری نێودەوڵەتی هەیە، فشـــاری هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە بۆ کۆکردنـــەوەی هەردوولایـــەن، بەڵام ئەو چاوپێکەوتنـــە تەنانەت گەر رووشـــبدات باوەڕناکەم شتێکی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە. ئەو چاوپێکەوتنە تاکو ئێســـتا روونەداوەو لە ئاسۆدا هیچ نیشـــانەیەك نابینرێت بۆ روودانی ئەو شتە.

*** ئەگەر ئـــەو کۆبوونەوەیە وەك بەڕێزت ئاماژەی پێدەکەیـــت نەکرێت مانای وایە چانســـی کاندیدکردنەوەی بەڕێز مالیکی بۆ وەرگرتنەوەی پۆســـتی سەرۆك وەزیران کەم دەبێت، بەتایبەتی لیســـتی سەدر کە کاندیدکردنەوەی مالیکـــی وەك هێڵێکی سوور سەیر دەکات؟**

- مەسەلەکە لەبارەی دووبارە کاندیکردنەوە یان دەستنیشانکردنی کەسێکی دیاریکراو نییـــە لەلایەنی «ئیئتیلافی نیشـــتمانی عێراقـــی» بۆ پۆســـتی ســـەرۆکایەتی وەزیران، بەڵکو مەســـەلەکە پەیوەســـتە بە هەبوونی تەوافوقێکی نیشـــتمانی لەسەر ئەو پۆستە. کەســـایەتی زۆر هەیە لەناو پێکهاتە سیاسییەکاندا کە چاوەڕوانن ئەو پۆســـتە وەرگرن، ئێوەیش لەبیرتانە کاتێك «ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو»ی پێشوو (د.جەعفەری)ی کاندیدکرد بۆ پۆســـتی ســـەرۆك وەزیران، بـــەڵام (د.جەعفەری) نەیتوانی بگاتە پۆســـتی ســـەرۆکایەتی وەزیـــران لەبەرئەوەی هیـــچ تەوافوقێکی هاوبەشـــدا نەبوو بۆ وەرگرتنی. هەربۆیە، وەك دەبینیـــن ئاســـتەنگ و رێگری زۆر هەیـــە و هەرگیز لەو بڕوایـــەدا نەبن کە کارەکان وەکو نەرمی و ئاسانیی حکومەتی پێشوودا بەڕێوەبچن.

*** ئێوە وەك ئیئتیلافی نیشتمانی ئەگەر لەگـــەڵ لیســـتی یاساشـــدا یەکبگرن، هاوپەیمانی کوردســـتانی لە ئێوە نزیکە و لەوانەیە بە ئاسانی ببێتە لایەنێکی دیکەی هاوپەیمانیەکە، ئایا تاچەند دەتوانن لەگەڵ هاوپەیمانی کوردســـتان هاوپەیمانی بکەن و پشـــتگیری بەڕێز جـــەلال تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆکۆمار دەکەنەوە؟**

- پێموایە ئەو خاڵە هاوبەشانەی (هاوپەیمانی کوردســـتانی) و (ئیئتیلافی نیشـــتمانی عێراقـــی)دا پێکەوە کۆیـــان دەکاتەوە لەو خاڵانە زیاتـــرە کە جودایان دەکاتەوە. وەکو رایەکی کەســـی، پێموایە هیچ کەســـێك لە بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) شـــیاوتر نییە بـــۆ وەرگرتنی پۆســـتی ســـەرۆکایەتی کۆمـــار، بەتایبەتی لـــە بارودۆخەکانی ئەمڕۆدا. سەرەڕای هەموو بارودۆخەکان توانیی لە خولی پێشـــوودا سەرکەوتووبێت لـــە دەســـتەبەرکردنی یەکگرتوویـــی لایەنـــە سیاســـییەکان، هەروەها رۆڵێکی پۆزەتیڤانەی هەبوو لە ســـەرجەم کێشـــە جیاوازەکان. هەربۆیە، پێموایە «ئیئتیلافی نیشـــتمانی» هیچ گرفتێکـــی نییە لە کاندیدکردنەوەی بەڕێز (جەلال تاڵەبانی)، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەموومان هاوڕاین و کۆدەنگی هەیە لەســـەرئەوەی کە پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) بێت.

*** لـــە دوای دەســـتگیرکردنی چەنـــد ســـەرکردەیەکی ئەلقاعیدە لە عێراقدا ئەوە بەدی دەکەین کە کارە تیرۆریســـتییەکان لـــە هەڵکشـــاندان، پرســـیارەکە ئەوەیـــە ئایـــا زیادبوونی رەوتـــی توندوتیژی چ کاریگەرییەکی سلبی دەبێت لەسەر پرۆسە سیاسییەکە و لەسەر دواخستنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ؟**

- هەڵکشانی رێژەی کارە تیرۆریستییەکان پەیوەســـتە بە هەبوونی کەلێن و بۆشایی لە رەوشـــی ئاســـایش کە ئەویش لەخۆیدا هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی نوێیـــە. هەربۆیە داواکارین دەســـتوبردی هەبێ لـــە پێکهێنانی حکومەت بۆئەوەی رێ لەو کارانە بگیرێت. بەڵام ســـەبارەت بە رێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە، ئێوەیش دەزانن کە شێوازی جوڵانەوە و کاردانەوەی ئـــەو رێکخراوە زیاتر پەیوەســـتە بە هەوڵە ئیقلیمـــی و نێودەوڵەتییەکان، زیاتر لەوەی کە پەیوەســـت بێت بە پێویستی ناوخۆیی. لایەنی دەرەکی جوڵێنـــەر و هاندەر هەنە، بۆیە هەرکاتێك لە بۆشاییە سیاسییەکاندا دەرفەتی فشارخستنەسەر هەبوو، ئەوکات جۆرە زیادبوونێك دەبینین لە رێژەو ئاستی کارە تیرۆریســـتییەکان، هەرکاتێکیش کە باری سیاســـی ســـەقامگیری و ئارامی بەخۆیـــەوە ببینێت دەبینیـــن رێژەی کارە تیرۆریســـتییەکان کەمتـــر دەبێتەوە. هەر بۆیە پێموایە کە تاکە چارەســـەر دەست و برد پەلەکردنە لـــە پێکهێنانی حکومەتی ئایندە.

*** ئایا پێتوایە هەموو لایەنە سیاسییەکان خوازیاری ئەوەن پابەند بن بەدەستوورەوە و بەپەلە حکومەتی ئایندە پێکبهێنرێت؟**

- ئەو مەســـەلەیە پەیوەســـتە بە ئاستی هۆشـــیاریی قەوارە سیاسییەکان. هەروەکو پێشـــتریش باســـمکرد کە ئێمە پێشـــتر و ئێســـتاش بەردەوامین لە داوا و بانگەشە، بەڵکو ئێستا لە پێشـــتر زیاتر پێدادەگرین لەســـەر خولقاندنی کۆدەنگییەك لەبارەی جێبەجێکردنی دەستوور، ئێمە پێمانوایە کە لە قۆناغی رابردوودا دەســـتوور جێبەجێ نەکرا، بەڵکـــو بەپێچەوانەوە، ئیجرائاتەکان بەپێچەوانەی جێبەجێکردنی دەســـتووردا بوون. هـــەر بۆیە بۆ ئەمـــڕۆ یەکێك لە مەرجەکانمان بۆ هەر کەســـێك کە پۆستی ســـەرۆك وەزیـــران وەردەگرێـــت، بریتییە لەوەی کە پێویســـتە روونیـــەك هەبێت لە دەسەڵاتەکانی ســـەرۆکایەتی حکومەتی ناوەنـــدی لەگەڵ روونی لە دەســـەڵاتی وەزیرەکان و دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران، نەهێشـــتنی تێکەڵبوونی دەســـەڵاتەکان لـــە کێشـــە جیـــاوازەکان. ئێمەیـــش لە پارێزگاکانماندا هەست بە غەدرلێکردنێکی زۆر دەکەیـــن بەهۆی فەرامۆشـــکردنی مەســـەلەی فیدراڵییەت. بەڵام بەداخەوە هۆشـــیاریی خەڵك و لایەنە سیاسییەکان زۆربـــەی کاتـــەکان زیاتر پەیوەســـتە بە درووشـــمەکان لەوەی کە پەیوەست بێت بە

**مەسەلەکە لەبارەی دووبارە کاندیکردنەوە یان دەستنیشانکردنی کەسێکی دیاریکراو نییە لەلایەنی «ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی» بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەستە بە هەبوونی تەوافوقێکی نیشتمانی لەسەر ئەو پۆستە**

**ئەو خاڵە هاوبەشانەی (هاوپەیمانی کوردستانی) و (ئیئتیلافی نیشتمانی عێراقی)دا پێکەوە کۆیان دەکاتەوە لەو خاڵانە زیاترە کە جودایان دەکاتەوە**

بەرژەوەندییە راستییەکانی گەل. هەر بۆیە ئێمە پێم وانییە کە پرۆژەی فیدراڵییەت پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە نەبینیوە. لە ئەزموونی رابردوودا بینیمان لایەنە سیاسییەکان زیاتر کەوتبوونە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەوە زیاتر کە گرنگییان بە چوارچێوەی سیاسی و دەستووریدا دابێت. هەر بۆیە لەو بارەیەوە بەهیچ شێوەیەك گەشبین نیم، تەنیا بەو مەرجە نەبێت کە هەوڵ و تەقەڵلای جددی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی دەستوور، لەوانەیە لەو کاتەدا لەدایکبوونێکی راستەقینەی دەستوور ببینین، یاخود دەستوور بەشێوەیەکی جددی و راستەقینەدا جێبەجێ بکرێت.

*** ئایا بە رای بەرێزت ئەمجارەش هەموو لایەنەکان لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بەشدار دەبن و حکومەتێکی بنکەفراوانی نیشتمانی پێکدێت و هیچ لایەنێك پەراوێز ناخرێت؟**


- پێموایە بەشداریکردنی هەموو لایەك پێویستە، هەروەها پێویستە ئەو بەشداریکردنە راستەقینە بێت نەك تەنیا بە دروشمەکان، لەهەمان کاتیشدا پێمانوایە کە ئەو بەشداریکردنە هاوبەشە روونادات، تەنیا بەوە نەبێت کە جێبەجێکردنێکی راستەقینە هەبێت بۆ دەستوور. سەبارەت بە گەشبینی، رەشبین نیم، بەڵام هەست دەکەم ئاستەنگ و تەگەرەکان زۆرن، بەتایبەتی کە ئەدائەکانی رابردوودا مایەی گەشبینی نین، بەشێوەیەك کە ناتوانین باوەڕ یان قەناعەت بە قسەی قەوارە سیاسییەکان بکەین. پێویستە چاوەڕوان بین بۆ بینینی چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی تەحەدداکان لەلایەنی حکومەت و پەرلەمانی داهاتوو، پێموایە پەرلەمانی داهاتوو زیاتر دەبێ بە سەکۆیەك بۆ ناکۆکی لەوەی کە ببێت بە پەرلەمانێکی چارەسەرکەر، پێویستە چاوەڕوانی پێشهاتەکان بکەین. بەڵام لەهەمان کاتیشدا ناڵێم رەشبینم بەو شێوەیەی کە بگاتە ئەو رادەیەی پرۆسەی سیاسی بگاتە رێگەیەکی داخراو و وەستان بەخۆوە ببینێت، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە رێژەی گەشبینیم لەو بارەیەوە زۆر کەمە.

*** ئەگەر دوایین پرسیارمان سەبارەت بە رۆڵی کورد بێت لەم پرۆسەیەدا، ئایا پێتوایە کورد رۆڵێکی ئەوتۆی دەبێت وەك ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن( بیچە القبان)؟**

- یەککەمین شت، رۆڵی کوردەکان رۆڵێکی سەرەکییە و هەرگیز بیر لەوە ناکرێتەوە کە عێراقی نوێ بەبێ بوونی رۆڵی کوردی پێکبهێنرێت، هاوشێوە لەگەڵ بیرکردنەوە بۆ عێراقی نوێ بەبێ رۆڵی پێکهاتەی سوننە یان شیعە. ئەم سێ لایەنە بوون پرۆسەی سیاسییان بونیادناوە و پێویستە پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا بەپێی ئیستحقاقاتەکانی ئەو سێ لایەنەدا بەردەوام بێت. بەڵام سەبارەت بە رۆڵی کورد وەکو هەوێنەی پرۆسەی سیاسی( بیچە القبان) لە عێراق، هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە کوردەکان رۆڵێکی زۆر گرنگیان هەیە و لەهەمان کاتیشدا زۆر هەستیارە، بەڵام سروشتی گەمەی هەڵبژاردن و سروشتی یاسای هەڵبژاردنەکان بە چەند ژمارەیەك دەرکەوت کە بەشێوەیەکی دروست واتای واقیعی سیاسی لە عێراق ناگەیەنێت. بەڵام ئەو ژمارەیە دەبێت بە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی لە رێکخستنی حکومەتی داهاتوو. ئەگەر هات و لایەنە سیاسییەکان لەو ژمارەیەدا ئاقڵتربوون، لەوانەیە لەو کاتەدا باری «هەوێنی پرۆسەی سیاسی» لە لای کوردەکان و هەندێ لە هێزە سیاسییەکانی تری عێراقدا بدۆزینەوە بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا. بەڵام بە رەچاوکردنی ژمارەکانی ئێستا، پێموایە بەبێ هاوپەیمانێتی لە نێوان کورد لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکاندا بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێ لەلایەنی هەر لایەنێك لە لایەنەکان گەمەیەکی پەرلەمانی یان حکومیی سەقامگیر و دروست بخولقێنێت، ئاستەنگەکان زۆرن.

**له قۆناغی رابردوودا دەستوور جێبەجێ نەکرا، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئیجرائاتەکان بەپێچەوانەی جێبەجێکردنی دەستووردا بوون**

**پرۆژەی فیدراڵییەت پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە نەبینیوە. لە ئەزموونی رابردوودا بینیمان لایەنە سیاسییەکان زیاتر کەوتبوونە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەوە زیاتر کە گرنگییان بە چوارچێوەی سیاسی و دەستووریدا دابێت**



# سێ دیاردە لەسایەی هەموارکردنی دەستوور لە تورکیا


لەو ٢٨ ماددەیەی دەستووری تورکیا کەپارتی دادو پەرەپێدان سەرقاڵی کارکردنە بۆ هەموارکردنیان، ٢٧ ماددە دەنگی پێویستیان بەدەستهێناو پاش ئەوەی کەسەرکۆمار پەسەندیان دەکا، دەتوانرێ لەماوەی دوو مانگدا ریفراندۆمیان بۆ ساز بکرێ. ئەو ماددەیەی کەدەنگی پێویستی بەدەست نەهێنا، لەریزبەندیی ماددە هەموارکراوەکاندا ماددەی هەشتەمە کەتایبەتە بەمەرجەکانی قەدەغەکردنی حزبەکان.

لەو دانیشتنەی کەماددەی هەشتەم دەنگی پێویستی تێدا بەدەست نەهێنا، دەکرێ سەرنجی سێ دیاردە بدرێ. یەکەمیان ئەوەیە کەپارتی دادو پەرەپێدان ٣٣٦ پەرلەمانتاری هەیە کەچی تەنها ٣٢٧ پەرلەمانتار پشتگیریی ماددەی هەشتەمیان کردووەو هیچ ماددەیەکیش بەکەمتر لە ٣٣٠ دەنگ تێناپەڕێ. ئەمە بەو مانایە دێ کە بەشێکی پەرلەمانتارانی پارتی دادو پەرەپێدان پشتگیرییان لەهەموارکردنی ئەو ماددەیەی دەستوور نەکردووە کەخەریك بوو خودی حزبەکەیانی پێ قەدەغە بکرێ. دەکرێ بەدوو شێوە سەیری ئەم مەسەلەیە بکرێ، یەکەمیان بەشێوەیەکی پۆزەتیف، چونکە ئەمە بەو مانایە دێ کەپەرلەمانتارانی پارتی دادو پەرەپێدان بەڕیمۆنت کۆنترۆڵ کار ناکەن و کەسایەتیی سەربەخۆی خۆیان هەیەو توانای رووبەڕووبوونەوەی سەرکردایەتیی حزبی خۆیان هەیە. هەروەها دەکرێ بەشێوەیەکی نەگەتیف سەیری بکرێ، چونکە ئەم مەسەلەیە ئاماژەیە بۆ فرەبۆچوونیەك لەناو حزبەکەدا کەڕەنگە هەندێ جار ئاسەواری خراپی لێ بکەوێتەوە، سەرباری ئەوەی کەشتێکی وا لێی رادەبینرێ ببێ بەمایەی پەیدابوونی قەیرانی متمانە لەنێوان حزب و پەرلەمانتارەکانی.

دیاردەی دووەم ئەوەیە کەهۆی دەنگ نەدانی ژمارەیەك ئەندامی پارتی دادو پەرەپێدان بەماددەی هەشتەم زیاتر بۆ توندڕەویی نەتەوەیی ئەو پەرلەمانتارانە دەگەڕێتەوە کەپێیان وایە قورس کردنی میکانیزمی هەڵوەشاندنەوەی حزبەکان لەقازانجی کورد دایە. پارتی دادو پەرەپێدان دەیویست دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی حزبەکان لەدادگای دەستووری بسەنێتەوەو بەپەرلەمانی ببەخشێ. ئێستا پاش ئەوەی کەهەموارکردنەکە لەپەرلەمان تێنەپەڕی، دەسەڵاتەکە وەکو جاران بەدەست دادگای دەستوورییە و پەرلەمان لەمبارەیەوە هیچی پێناکرێ.

هەڵوێستی ئەم پەرلەمانتارانە دەریدەخا کەپارتی دادو پەرەپێدان لەهەستی توندڕەویی نەتەوەیی دانەماڵدراوەو رەوتێکی دژە کورد لەناو حزبەکەدا هەیە کە لەکاتی پێویستدا خۆی دەردەخاو دەرفەتەکان بەقازانجی بۆچوونەکانی دەقۆزێتەوە. پێویست بەوە ناکا بڵێین کە ئەم پەرلەمانتارانە بەر لەوەی زیان لەکورد بدەن، زیانیان لەحزبەکەی خۆیان داوە، چونکە ئەو ماددەیەی دەستوور کەدەشێ هەر حزبێکی کوردی پێ هەڵبوەشێنرێتەوە، هەمان ماددەیە کەدەشێ پارتی دادو پەرەپێدانی پێ هەڵبوەشێنرێتەوە.

دیاردەی سێیەم ئەوەیە کەپەرلەمانتارە کوردەکانیش بەهەمان پێودانگ دژی ئەو هەموارکردنەی دەستوور وەستان کە لەبەرژەوەندیی خۆیاندایە، بەتایبەتی ئەو دوو ماددەیەی کەتایبەتن بەمەرجەکانی قەدەغەکردنی حزبەکان و دادگایی کردنی سەرانی کودەتاکەی ساڵی ١٩٨٠. پشتیوانی نەکردن لەهەموارکردنی دەستوور لەلایەن پەرلەمانتارە کوردەکانەوە بەڵگەی کورتبینیی سیاسییە، چونکە لەم هەلومەرجەی ئێستادا ئەم هەموارکردنەی لێ دەرچێ دەرفەتی هیچ شتێکی تر لەئارادا نییە. گومان لەوەدا نییە کەهەموارکردنەکە نموونەیی نییەو لێی رانابینرێ چارەسەرێکی گونجاو بۆ




**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**


مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە، بەڵام ئەو بارودۆخەی کەئەم هەموارکردنە پێکدەهێنێ دەرفەتی باشتر بۆ گۆڕانکاریی زۆرتر لەداهاتوودا دەستەبەر دەکا.

بیست پەرلەمانتارە کوردەکەی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لەبنەڕەتدا ئەندامی دەتەپەن کەساڵی پار بەو ماددەیەی دەستور هەڵوەشێنرایەوە کەئێستا پەرلەمانتارە کوردەکان دەنگ بۆ گۆڕینی نادەن. مانەوەی ئەم ماددەیە وەکو خۆی، هەڕەشەیە بۆ سەر پارتی ئاشتی و دیموکراسی کەڕەنگە، ئەگەر ئاگای لەخۆی نەبێ، بەهەمان دەردی دەتەپە بچێ.

بەهەر حاڵ، شیکردنەوەی ئەم سێ دیاردەیە نیشانی دەدا کەسۆسیۆلۆژیای پێوەندییە سیاسییەکان لەتورکیا کەموکوڕیی زۆرەو دەشێ بەردەوامبونی ئەو کەموکوڕییانە ببێ بەمایەی تەگەرەدان لەهەر هەوڵێك بۆ هەنگاونان بۆ پێشەوە. سۆسیۆلۆژیای پێوەندی وەك چۆن پێویستی بەدانایییە، هەروەها پێویستی بەپشوودرێژی و وردبینیە.

نۆرما کلاریی مۆرویزی بۆ گوڵان:

# تورکیا گرێدانی پێوەندیی باشتر و نزیک لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بە بەرژەوەندی خۆی دەزانێت و ڕەنگە ئەمە بەشێک بێت لە ستراتیجیەتێکی دوورمەودای سیاسەتی دەرەوەی تورکیا

ئاڵوگۆڕ و ئاوێتەبوونی بازرگانی زەمینەخۆش دەکەن بۆ دروستبوونی گفتوگۆی سیاسی و دواتر بۆ گرێدانی پێوەندی سیاسی



**خاتوو نۆرما کلاریی مۆرویزی ئوستادی زانستی سیاسەت و پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لە زانکۆی ئیلینۆیس لە شیکاگۆ و پسپۆڕ و بەڕێوەبەری دیراساتی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان و پسپۆڕ و تایبەتمەند لەسەر ئێران و تورکیا و عێراق، بۆقسەکردن لەسەر گرنگی ڕۆڵی تورکیا لە ناوچەکە و پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، پرۆفیسۆر نۆرما بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** چۆن لە بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەڕوانیت و ئایا گرنگی ئەم پێوەندیانە لە چیدا دەبینیت؟**

- لە ڕاستیدا ئەم پێوەندیانە گرنگیەکی گەورەیان هەیە، بە تایبەتی لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە تورکیا کێشە و ناکۆکی هەیە لەگەڵ دانیشتوانی کوردی وڵاتەکەیدا و نەیتوانیوە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردەکانی نیشتەجێی وڵاتەکەیدا بەدی بهێنێت. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبوو کە بۆ ماوەیەك بە دوودڵی و هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ کوردەکانی دەرەوەی تورکیا دەکرد.

*** ئێمە دەزانین پێوەندییە ئابوورییەکان بەشێکی گەورەی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم پێوەندییە ئابووریانە تا چ ڕاددەیەك دەبنە بناغەی دروستبوونی پێوەندیی سیاسی و کولتوری لە داهاتوودا؟**

- بە تەواوەتی هاوڕام لەگەڵتاندا، لەبەر ئەوەی ئاڵوگۆڕ و ئاوێتەبوونی بازرگانی زەمینەخۆش دەکەن بۆ دروستبوونی گفتوگۆی سیاسی و دواتر بۆ گرێدانی پێوەندی سیاسی، لەبەر ئەوە لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە دەکرێت بوونی پێوەندییە ئابوورییە بەرهەمدارەکان ببنە بناغەی دروستبوونی پێوەندی سیاسی لە نێوان هەردوولادا.

*** ئایا ئەم بەرەوپێشچوونانە تا چ ڕاددەیەك دەبنە هۆکاری باشتربوونی پێوەندییەکان و یارمەتیدەر دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ناو تورکیادا؟**

- بانگهێشتکردنی بارزانی هەنگاوێکی گەورەبوو، بەڵام ئێمە دڵنیانین لەوەی ئایا تا ئاستێك لە داهاتوودا پەرە بە ڕەوتی ئەم بەرەوپێشچوونانە دەدرێت، لەبەر ئەوەی لە تورکیادا ئیجماعێك نییە لە ئاست چۆنیەتی مامەڵەکردن و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە وڵاتەکەیاندا، بۆ نموونە هەڵوێست و تێڕوانینی هاوبەش نییە لە نێوان دەزگای سەربازی و حکومەت و پارتە موعارەزەکاندا. ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی هەندێ لایەن کۆسپ لە بەردەم لێکنزیکبوونەوەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان دابنێن، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەمە ڕەنگدانەوەی سلبی دەبێت لەسەر کێشەی کورد لە وڵاتەکەدا، لە لایەکی دیکەوە کەسانێك هەن پێیانوایە باشترکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا زیاتر پشتئەستووریان دەکات لە ئاست کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی باشتر سیاسەتی کرانەوە و ئاوێتەکردن لەوڵاتەکەدا پیادە بکەن. هەرچۆنێك بێت، پێموایە سەردانەکەی بارزانی کاریگەری زۆر ئیجابی دەبێت و هەنگا و هەوڵێکی گرنگ و گەورەیە.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك باشتربوونی پێوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان یارمەتی تورکیا دەدات بۆ ئەوەی ئەگەری بە ئەندامبوونی لە یەکێتی ئەورووپادا زیاتر بێت و ئایا تورکیا تا چەند مەسەلەی بە ئەندامبوونی لە یەکێتی ئەورووپادا بە جیددی وەرگرتووە؟**

- باشتربوون و بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا یارمەتیدەر دەبێت، بەڵام بەس نییە بۆ ئەوەی تورکیا ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێت. لە لایەکی دیکەوە تورکیا مەسەلەی بە ئەندامبوونی لەلایەن یەکێتی ئەورووپاوە بە جیددی وەرگرتبوو، هەروەها ئەمەی کردبووە هۆکارێك بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و باشترکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکەدا. لە لایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین بەهۆی ئەوەی ئاڵوگۆڕێکی گرنگ لە سیاسەتی تورکیادا ڕوویداوە کە بریتییە لە

باشتربوون و بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا یارمەتیدەر دەبێت، بەڵام بەس نییە بۆ ئەوەی تورکیا ئەم ئامانجە بەدەست بهێنێت

سیاسەتی کرانەوە، ئەوا پێگە و سەنگێکی گەورەی نێودەوڵەتی بۆ ئەو وڵاتە دروست بووە، هەروەها بە هۆی باشتربوونی دۆخی ئابووری وڵاتەکەوە، ئەوا رەنگە تورکیا کەمتر پێداگیری لەسەر بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە بکات بە تایبەتی لە دوای ئەو قەیرانە ئابوورییەی لە وڵاتانی ئەوروپادا روویداوە، ئەمە لە کاتێکدا ئابووری تورکیا سەقامگیری و گەشەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا ئەندامبوونی لە تورکیادا وەك ئەگەرێك لەبەرچاو دەگرێت و وەك کارتێکی گوشار بەکاری دەهێنێت لە بەرامبەر پارتە موعارەزەکاندا بۆ ئەنجامدانی ئەو چاکسازیانەی خوازیارە جێبەجێیان بکات.

*** ئێمە دەزانین کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دەوڵەمەندە بەهۆی بوونی نەوتەوە، بەڵام هێشتا ئەم هەرێمە لە قۆناغی گەشەرکردندایە و پێویستی بە وەبەرهێنانی تورکی هەیە، کە حاڵی حازر لە سەدا ٨٠ ئەو کۆمپانیایانەی لە هەرێمی کوردستاندا وەبەرهێنان دەکەن بریتین لە کۆمپانیا تورکییەکان، لە لایەکی دیکەوە بەم دواییە تورکیا کونسوڵگەری خۆی لە هەولێر کردەوە، ئێوە چۆن لەم بەرەوپێشچوونانە دەڕوانن؟**

- دووبارە ئەمانە هەنگاوی گەورە و گرنگن، بۆ نموونە بوونی وبەرەهێنانی تورکی لە ئاستێکی بەرزدا لە هەرێمی کوردستاندا، بانگهێشتکردنی بارزانی، هەموو ئەمانە ئاماژە بەوەن ئەگەرچی حکومەتی تورکیا زۆر بە راشکاوی و بە ئاشکرا باس لە بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکانی ناکات لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بە شێوەیەکی هێمن و بە بێدەنگی کار بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنیان دەکات، واتە لەم رووەوە تورکیا گرێدانی پێوەندیی باشتر و نزیك لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بە بەرژەوەندی خۆی دەزانێت و رەنگە ئەمە بەشێك بێت لە ستراتیجیەتێکی دوورمەودا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا وەك فشارێکی نەرم لە دژی رکابەرەکانی بەکاری بهێنێت کە هەڵوێستی سەرسەختانەیان هەیە لە ئاست کێشەی کوردی وڵاتەکەیاندا.

*** چۆن داهاتوی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان دەبینیت؟**

- پێشبینی بەرەوپێشچوونی زیاتری ئەو پێوەندیانە دەکەم، لەبەر ئەوەی بناغەی پتەوی ئابووریی هەیە بۆ ئەم بەرەوپێشچوونانە. تەنیا شتێك کە ئەگەری ئەوەی هەیە رێگری لەم هەوڵانە بکات، ئەو لایەنە ناوخۆییانەی تورکیایە کە بەرهەڵستی هەر بەرەوپێشچوون و کرانەوەیەك دەکەن لە ئاست کوردەکانی وڵاتەکەدا و لەم رووەوە بەرهەڵستی بەرەوپێشچوونی پێوەندییەکانیش دەکەن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا. هەرچۆنێك بێت پێشبینی من ئەوەیە ئەم پێوەندیانە لە داهاتوودا بە رەوتێکی باشتر و ئیجابیتر بەردەوام دەبن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- خۆشحاڵم کە دەبینم ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵك لە هەرێمی کوردستان باشتربووە و بەرەوپێشچوونێکی هێمنانە و ئاشتیانە بەدی دەکرێت لەو ناوچەیەدا و هیوای خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم.

**حکومەتی تورکیا بە شێوەیەکی هێمن و بە بێدەنگی کار بۆ باشترکردن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات**

**ژیان و گوزەرانی خەڵک لە هەرێمی کوردستان باشتربووە و بەرەوپێشچوونێکی هێمنانە و ئاشتیانە بەدی دەکرێت**



# پرۆژەی کاری خۆبەخشیی و پێشنیارێک بۆحکومەتی هەرێمی کوردستان



عەبدولڕەحمان سدیق ※

**پێشەکی:**

بەشـێك لە كۆمەڵناسـان پێیان وایە كە سەدەی نۆزدە، سەدەی دەستور بوو، سەدەی بیست، سەدەی ئیدارە و كارگێڕیی بوو، سەدەی بیست و یەكەمیش دەبێتە سەدەی كەرتی سێیەم.

زاراوەی كەرتی سـێیەم تارادەیـەك زاراوەیەكی نوێیە و لە ساڵی (١٩٩٧)وە بەشێوەیەكی دیار كەوتە نێو فەرهەنگی زاراوە بەكارهاتووەكانەوە.

كەرتی سـێیەم كەرتی ڕێكخـراو و دامەزراوە و دەستپێشـخەرییە كەسـییەكانە، كە خۆبەخشانە و ئارەزوومەندانـە و بـێ چاوەڕوانكردنی سـوودی تایبـەت، بەكارەكانـی خۆیان هەڵدەسـتن و دەبنە پاڵپشـتی بۆ هـەردوو كەرتی گشـتی و كەرتی تایبەت.

كەرتی سـێیەم لـە مێـژووی مرۆڤایەتیدا، لە مێـژووی گەلانی موسـڵماندا جێگەی بەرچاوی هەبووە و، چەندین نموونـەی زیندووش لەبەرچاون كـە خەڵكانی نێـو كۆمەڵگـە ئارەزوومەندانە و خۆبەخشـانە و ناسـودەمەندانە، كاری خێرخوازیی و مرۆڤدۆسـتانەی گەورەیان ئەنجامداوە بێئەوەی چاوەڕوانـی هیچ سـوودێكی تایبـەت بۆخۆیان بووبن.

وڵاتانی ئەمریكا و ئەورووپاش ئەمڕۆ زۆر پشت ئەسـتورن بە كەرتی سـێیەم، كە ساڵانە خەڵكانی هەستكردوو بە لێپرساوێتی نیشتمانیی و ئایینی و مرۆیی پارە و سامانی خۆیان لە پرۆژەی خێرخوازی بەردەوام و نەخشە بۆكێشراودا خەرج دەكەن.

بۆ نموونە: ساڵانە لە ئەمریكا بڕی (٢٦٠)ملیار دۆلار خۆبەخشـانە دەكرێتە پـرۆژەی خێرخوازیی، سـاڵانەش زانكۆیـەك وەك (هارفـارد) بـڕی (٢٩)ملیار دۆلاری پێشكەش دەكرێت وەك بەخشش لە لایەن خێرخوازانەوە، ساڵانەش ئەمریكا لە (٥٪) پارەی باج دەداتـە ڕێكخراوی خێرخواز و خۆبەخش بۆ كاری خێرخوازیی.

هەروەها لـە٣٠٪ هاووڵاتیانی ئەمریكا لەكاری خۆبەخشیدا بەشداریی دەكەن .

لەبەریتانیـاش ٢٠ملیـۆن كەس بەشـدارییان هەیە،لەفەرەنساش هەفتانە زیاتر لە ١٠ ملیۆن كەس بەشدارییان هەیە لەكاری خۆبەخشیدا.

لە ئیسرائیلدا نزیكەی سـێ هەزار ڕێكخراوی خۆبەخـش و خێرخـواز كار دەكات، نزیكـەی لە (١١٪)ی هێزی كاریش بەبێ مووچە و خۆبەخشانە كار دەكەن.

لە زۆربـەی وڵاتانی ئەورووپاشـدا لە (٩٪)ی داهاتی نەتەوەیی لە خێرخوازانەوە دێت، كە دەیكەنە پرۆژەی خێرخوازیی.

لەلای خۆشمان پێوستیی زۆرمان بە گێڕانەوەی چەمكی كاری خۆبەخشیی هەیە، لە ڕێگەی ماڵ و قوتابخانە و مزگەوت و ڕاگەیاندن و حكومەتەوە، گێڕانـەوەی چەمكی وەقفكردنی ماڵ و موڵك بۆ كاری خێرخوازیی، هۆشـیاركردنەوەی هاووڵاتیانی بـازرگان و دەوڵەمەنـد لـە كاری خێرخوازیی بە دامەزراوەكراو و بەردەوام.

لەم پێناوەشدا گرنگە پەرلەمان یاسایەكی هەبێت بـۆ پاراسـتنی كاری خێرخوازیـی، حكومەتیش پێویسـتە خۆی ڕزگار بكات لە تـرس لە هەردوو كەرتـی تایبـەت و كەرتـی سـێیەم، چونكـە حكومەتەكانی وڵاتانی پێشـكەوتوو بەپێی یاسا و بە هەردوو باڵی كەرتی تایبەت و كەرتی سێیەمەوە توانیویانە بەرەوپێش بچن.

دیاریشـە كەكەسـانی خۆبەخـش ئەوانەن كە چاوەڕوانی مووچەو پاداشـت ناكـەن لەبەر ئەوەی باری داراییان باشـە،جابەهۆی پرۆژەكانیانەوە بێت یـان بەهۆی مووچـەی خانەنشـینییەوە بێت،ئەم جۆرە كەسـانەش ئەمڕۆ لەكۆمەڵگەی ئێمەدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەیان لـە زیادبوونەو، ژمارەیەكی باشـی نێو ئەم كەسـانەش ئامادەیی ئەوەیان هەیە كـە كاری خۆبەخش بۆ دەوڵەت ئەنجام بدەن، بەڵام دەوڵەت هەلی بۆ نەرەخسـاندوون وكاری نەخستۆتە بەرچاویان.

ئەزموونی وڵاتانی دنیا زۆرن كە خانەنشـینان ودەوڵەمەندان بەخۆڕایـی كار بۆ دەوڵەت و وڵاتی خۆیان دەكەن لەوبوارانەی كەدەوڵەت خسـتویەتییە بەرچاویـان و ئەوانیـش ئارەزوومەندانە یەكێكیان لێهەڵبژاردووە.

جابەمەبەستی داهێنان وبرەودان بەم ئەزموونە ئەم پرۆپۆزەڵە دەخەمە بەر چاو،بەهیوای دەوڵەمەندكردنی و كارپێكردنی.

**یەكەم:** ناوی پرۆژە:

كارو دەوامی خۆبەخشیی

**دووەم:** پێناسـە: كاری خۆبەخشیی،ئەنجامدانی چالاكییەكـی بێبەرامبەرە كە تاكێك ئارەزوومەندانە پێی هەڵدەسـتێت لەرێگەی بەخشـینی بەشێك لە كاتی یـان توانای یان پارەی یـان ئەزموونی لەو بوارەی كەتیایدا شارەزایە لەدەزگایەكی حكومەتدا یـان لـە ڕێكخراوێكـی خێرخوازیدا یـان لەرێی دەستپێشخەرییەكی تاكەكەسیدا.

**سێیەم:** ئامانج لە پرۆژە:

١_ سوود وەرگرتن لە توانا مرۆییە خۆبەخشەكانی وڵات.

٢_ كەمكردنەوەی قورسـایی دارایی لە سـەر بودجەی ساڵانە.

٣_ بەهێزكردنی گیانی وڵاتدۆستیی و، وچاكە دانەوەی نیشتمان.

٤-دۆزینەوەی بوارو هەلی كاری خۆبەخشیی بۆ ئارەزوومەندان.

٥-پەرەپێدانی لایەنە ئینسانییەكانی كۆمەڵگە بۆ بەیەكگەیشتن.

٦-هاندانی دەستپێشخەرییە خۆبەخشەكانی تاك وگۆڕینیان بۆكرداروپرۆژە.

٧-زانینی ئاسـتی ئینتیمای نیشـتمانیی تاك ورادەی بەدەمەوەهاتنیان.

٨-بەدامەزراوەیكردنی كاری خۆبەخشیی.

**چوارەم:** میكانیزمی جێبەجێكردنی پرۆژە:

حكومەت دەتوانێت ئـەم پرۆژەیە بخاتە واری جێبەجێكردنەوە لەرێگەی ئەم میكانیزمەوە:

١-داواكـردن لەپەرلەمان بۆ دەركردنی یاسـای ڕێكخستنی كاری خۆبەخشیی.

٢-دامەزراندنی دەسـتەیەك بەناوی دەسـتەی كاری خۆبەخشیی.

٣-دەسـتەی سـاڵانەی جۆرو ژمارەو شـوێن وكاتەكانـی دەوامـی ئەو پۆسـتانە رادەگەیەنێت كەكەسانی خۆبەخشیان پێویستە.

٤-وەرگرتن ودیراسەكردنی سی ڤی ئەوكەسانەی كەئامادەییـان تێدایـە بۆهەر یەكێك لەو پۆسـت وكارانە.

٥-دیاركردنی شـوێن وكاتی دەوامی خۆبەخشان دوای دیـداری تاكەكەسـیی وبەرەزامەندیـی هەردوولا.

**پێنجەم:** ڕێگاكانی بەهێزكردنی پرۆژە:

١-كاراكردنـی بەرنامەیەكـی میدیایـی بۆخستنەرووی ڕۆڵی كاری خۆبەخشیی.

٢- دانانـی بابەتـی كاری خۆبەخشـیی لە پرۆگرامەكانی قۆتاغەكانی خوێندنا.

٣- دیاركردنی سـاڵانەی هەڵكەوتوانی بواری كاری خۆبەخشیی،هەركەسەو لەبواری خۆیدا لەرێی لیژنەیەكی پسپۆرو بێلایەنەوە.

٤- خەڵاتكردنـی هەڵكەوتوان لە ڕۆژی ١٢/٥ ی هەموو ساڵێك، كەنەتەوە یەكگرتووەكان بەرۆژی جیهانیی كاری خۆبەخشیی ناساندوویەتی.

**※سەرۆكی سەنتەری پرد بۆ توێژینەوە**

# لە بارەی فەلسەفەی دۆستایەتییەوە



فەلەکەدین کاکەیی

(٢-٢)

**(١)**

دۆستایەتی و هاوکاریی نێوگەلان بە درێژایی سەدەی بیستەم، وەکو چەمکێك و بەهایەکی بەرزی مرۆڤایەتی، لە ئارادا بوو، بەڵام لە ماوەی جەنگی ساردا(١٩٥٤-١٩٩٠) ڕێکخراوەکانی دۆستایەتی لە زۆربەی وڵاتان ڕەنگ و مۆرکی ئایدیۆلۆژی و سیاسییان وەردەگرت، هەر بۆیەش لە دوای جەنگی سارد ئەو ڕێکخراوانەش ساردبوونەوە، چونکە ڕەنگی ئایدیۆلۆژی کاڵبووەوە.

وەلێ ئێستا پێویستی قووڵتر و پتەوتر بە دۆستایەتی ڕاستەقینە و هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە، تا بە بەرەیەکی جیهانی ڕووبەڕووی کارەسات و نەهامەتە سروشتی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ببینەوە.

**(٢)**

ئەمەش پوختەی کورتکراوەی وتارەکەمە لە بارەی دانیشتنی کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد-تورکە، کە لەم دواییە، لە هەولێر، بەڕێوەچوو ئێستا کە دەڵێن دۆستایەتی تورك و کورد، ئەوە لەسەر حسابی هیچ میللەتێکی دیکە نییە، بەڵکو بڕوامان وەهایە کە دەبێ پێوەندیمان لەگەڵ میللەتانی عەرەب و فارس و هی دیکەی ڕۆژهەڵات لەسەر بناغەی دۆستایەتی و هاوکاری و هاوسۆزی بێت، ئەم دەڤەرە، واتە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەشێ ببێ بە نموونەیەکی زیندووی کەشی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان ئەم میللەتانە.

بەڵکو لۆژیکی یاسای ژیان ئەوە دەخوازێ، کە هەموومان بە تورك و عەرەب و فارس و کورد و تورکمان و سریانی و ئاشووری و ئەرمەنی و خەڵکی دیکە بە ئاشتی و دۆستایەتی بژێین و، پێکەوە ناوچەکەمان لە دواکەوتوویی و هەژاری نەهامەتی ڕزگاربکەین، بە هەموومانەوە سامان و سەروەت و سەرچاوەی زیادی سەر زەوی و ژێر زەویمان هەیە، توانا و وزەی بەشەریی فراوانمان هەیە، تەکنولۆژیا و جیهانگەرایی و ئازادی بازرگانی و هاتووچۆ و میدیا و پێشکەوتنی زانست و هونەر، ڕێگەمان بۆ خۆشتر دەکات تا ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی و دڵنیایی بۆ میللەتەکانمان دروست بکەین.

نەبەس ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو تەواوی میللەتانی جیهان پێویستیان بە پێوەندیی دۆستانە و هاوکاریی یەکدین، فەلسەفەی دۆستایەتی لەو بارەوە گرنگە کە هەموو ئادەمیزادەکانی سەر ئەرز پێویستیان بە پشتیوانی یەکترە.

**(٣)**

باوەڕم بە یەکبوون و یەکێتی بەشەرییەتە، وەختی هاتووە بەها گەشەکانی کولتوور و کەلەپووری گەلان ببوژێنینەوە، لەوانەش کولتووری مرۆڤ دۆستانەی ئێمەی میللەتانی ڕۆژهەڵات، لەمێژە فەیلەسووفی دانایی و ماریفەت سەعدی شیرازی ١١٨٩- ١٢٩٢) بانگی یەکبوونی ئینسانەکانی هەڵداوە.

هەروەها مەولانا جەلالەدینی ڕوومی، بەر لە شەشسەد ساڵ، ئینسانەکانی بە ئاگادەهێنا، تا لە (مافی ئازادیی و ویژدان) تێبگەن، کە لە نێوان مەسەلەکاندا ئازاد و سەربەستن لە هەڵبژاردنی هەر ئاراستەیەك، هەر بۆیەش دەیوت کە ئازادی ویژدان وەکو(خۆیی) عیبادەتە، واتە: مرۆڤ دەبێ عیبادەتیش بە ویژدانی ئازادەوە هەڵبژێرێت، دەیوت: چ سوودێك لەو عیبادەتە هەیە کە بە زۆرو ناچاری بکرێت، دین، یا ئایین، ئەخلاق و ویژدانە.

**(٤)**

فەلسەفەی(ئازادی و ویژدان) جەوهەری زەردەشتە، کە زیاتر لە سێ هەزار و پێنجسەد ساڵە بۆ ئادەمیزاد ماوەتەوە، ئەم ئازادییە ماکی سۆفیگەری و عیرفانە، چونکە دەروازەیە بەرەو ڕزگاریی ڕۆحی – مەعنەوی مرۆڤ، کە پەیامی جەلالەدین ڕوومی و سۆفی و عارفە مەزنەکانە.

ئا ئەوەیە بناغەی دۆستایەتی ڕاستەقینە کە لە سەرچاوەی ئازادیی ویژدانەوە دێ.

لێرەشەوە، بە یەکێتی ئایینەکان دەگەین، کە بە مانای یەکبوونی پەیڕەوەکانیان، کە هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە.

**(٥)**

بابا تاهیری هەمەدانی کە بەر لە هەزار ساڵ ژیاوە لە شیعرێکی عیرفانیدا بەشێوەزاری کوردی لوڕی دەیوت(.. کە نشت و کەعبە و پوتخانە و دیر) لە دولبەری دلۆڤان(واتە پەروەردگار) خالی نین، کەواتە لەلای بابا تاهیر هەموو جێگەیەك مەنزڵی عەشقی خواوەندییە، چ کەنیسەبێ یا مزگەوت، پوتخانە بێ یا دێری ڕەبەندەکانی کریستیانی و ئایینەکانی تر.

شاعیرێکی هاوچەرخ چوارینەیەکی بابا تاهیری بە کرمانجی خواروو بەم شێوەیە هۆنیوەتەوە:

لە ناو مەستانا مەست بم، ڕووم لە تۆیە
لە دێر پوتپەرست بم، ڕووم لەتۆیە
ئەگەر هیندۆ کافربم، یا موسڵمان
لە هەر جۆرە مەبەست بم، ڕووم لەتۆیە

واتە: لەسەر ئاینێك بێ سەرانجام ڕووی لە یار و دولبەرە کە یەزدانی میهرەبانە، فەلسەفەی یەکێتی ئاینیەکان و یەکبوونی ئادەمیزاد لەلای بابا تاهیر زەمەن و دیارە، دوای نزیکەی (٢٥٠) ساڵ فەیلەسووفی گەورەی ئەندلوسی موحیدینی ئیبنو عەرەبی، بە شیعرێکی جوانی عەرەبی هەمان تێگەیشتنی یەکێتی ئاینییەکان دێنێتەوە، کە بە کورتی، مانای ئەوەیە:

- بەر لە ئێستا حەزم نەبوو لە کەسێکی جیاواز لە ئاینەکەم، بەڵام ئێستا دڵم بۆ هەمووان کراوەیە، هەموویانم قبووڵە، دڵم جارێك وەکو لە وەڕگای ئاسکانە، جارێکیش دیری ڕەبەنەکانە، جارێك خانەی پوتپەرستانە، جارێکیش کەعبەیە،(واتە مزگەوتە)، جارێك تابلۆی تەوراتە جارێکیش لاپەڕەی قورئانە...

ئەم شیعرە، لە ڕواڵەت و مانای دەرەکیش دا، لە کوفر و شرك و، لادان و لە یەکتا پەرستی، دەچێت، دەڵێ کەسانێکی سۆفی و عارفی مەزن وەك ئیبنو عەرەبی، باوەڕ دار و یەکتاپەرست و خواناسن، ئەو تێکەڵوپێکەڵییە لە حزەیەکی سەرخۆشی و مەستی عەشقی خواوەندییەوە دێ، ئەویش کاتێکە کە لە یاد و وجودی پەروەردگار زیاتر هیچی لەبەرچاو نامێنێ، بەڵکو هەموو جێگەیەکی لێدەبێ بە پەرستگا..(ڕوو لە هەر کوێ بکەی بەرەو ڕووی خوا دەبیتەوە).دیارە کە دین ئەخلاق و ویژدانە..

**(٦)**

جەلالەدینی ڕوومی، فەیلەسوف و شاعیر و باوەڕدار مانای یەکبوونی وجود و یەکێتی ئاینیەکان و ئینسانەکان بە هێمایەکی ئیجگار سادە و ڕوون دەهێنێتەوە، دەڵێ کە (ترێ) هەر ترێیە، سروشتی ناگۆڕێ، هەر چەندە لای هەر کەسێ ناوێکی هەیە، عەرەب پێی دەڵێ : ( عنەب) تورك دەڵێ (ئوزدم) فارسیش دەڵێ:(ئەنگورد) کەواتە یەك شتە بەناوی جیاواز، لێرەوە دەچێتە سەرباسی یەکبوونی وجود و یەکێتی ئاینییەکان.

کەواتە، جیاوازی زمان ڕێگە ناگرێ لە تێکگەیشتن و دۆستایەتی، هیچ سنوورێك لە پێش یەکبوونی ئینسانەکانا نییە، هەموو کەسێك پێویستی بە دۆستایەتی و هاوکاریی ئەوانی ترە، ئەوەیە ماکی فەلسەفەی دۆستایەتی مرۆڤدستانە.